

## زاهیر محەمەد:

## ئێستا لە هیچ تیپێک کار ناکەم و خەریکی ئاوازدانانم.. مۆرکە هونەرییەکەی کۆیەش، لە هیچ جێگەیەکی دی وێنەی نییە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٥)

* ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم قادرە، کە لەبەر خۆشەویستی لە کوردستان و لەناو خەڵکیدا، بە زاهیر مەردانە ناسراوە، هونەرمەندێکی فرە بەهرە و پڕ بەخشش و خاوەن بەرهەمی جۆراوجۆرە، زۆر بە ڕوونی جێدەستی بەسەر هونەری مۆسیقا و ئاوازدان و گۆرانی و سروودی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندانی شارەزای بواری هونەر و هونەرمەندان و چاودێران شایەدی بۆ دەدەن کە خزمەتێکی زۆری بە کایەی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە. هونەرمەند وەک موزیکژەن، سەرەتا شمشاڵ و نای تەختە، دواتر کەمانچە و عودی ژەنیوە، ئەوجا وەک ئاوازدانەر، ئامادەکردنی گۆرانی کۆن و فۆلکلۆری کوردی بۆ گۆرانیبێژان دەرکەوتووە، پێشەکی مۆسیقای بۆ زۆر لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کورد داناوە.

* هونەرمەند زاهیر محەمەد، بێجگە لەوەی لە بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا کار و بەرهەمێکی زۆری هەیە، لە بواری نووسینیشدا ئەوەندەی دەرفەتی هەبووبێ، بە پێی توانایی خۆی خزمەتی کردووە. یەکەم نۆبەرەی چاپکراوەکانی بەناوی (ڕەنگاوڕەنگ)، لە ١٩٧٠/٧/١٠، لە چاپخانەی (الشمال)ی کەرکووک چاپکردووە، ناوەرۆکی کتێبەکەی زۆربەی تێکستی ئەو شیعر و سروود و هۆنراوانەن، کە خۆی ئاوازی بۆ داناون و لە ئێزگەی کوردیی بەغدا تۆمار کراون، بەڵام نەیتوانیوە بە هۆکاری تەکنیکی، نۆتەی گۆرانییەکانی لەگەڵ دابنێ، نەشیتوانیوە بە زانگوگراف ئەو نۆتانەی لەگەڵ بڵاوکاتەوە، چونکە تێچووی ئەو کارە بۆ ئەو زۆر بووە، لە

ناویاندا تۆتەی هەندێ لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک هەبوون کە لە ساڵی ١٩٦٧، لە سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان؛ (ئەنوەر قەرەداغی، شەوکەت ڕەشید و سەلاح ڕەشید)ی برای گۆرانییەکانیان لە ماڵی باوکی شەوکەت ڕەشید تۆمار کردووە.
دوای چەند ساڵێک کتێبی هونەری ڕەوانبێژی – وتارسازی (فن الألقاء) کە کتێبی دوو قۆڵیی سامی عەبدولحەمید و بەردری حەسوون فەریدە، بە دەستکارییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆی چاپ کردووە، هەر ئەو ساڵە (٢٠٠٧) کتێبێکی دیکەی بەناوی (ئاشنا، ئەو شاعیرەی خۆی و شیعرەکانی تیرۆرکران!)، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ و بڵاوکراوەتەوە، پاشان کتێبێکی دیکەی بەناوی: (کۆمەڵێک بابەتی بەپێز، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک بیزانێت!)ی وەرگێڕاوە و لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لەسەر گیرفانی خۆی چاپ کردووە، دواجار بنکەی مەقام، نامیلکەیەکی بەناوی (دەنگ و ئاوازە کوردییەکان)ی لە ساڵی ٢٠١٢دا بۆ لە چاپداوە کە نووسینێکی ڕەخنەگری هونەریی بەناوبانگ (عادل هاشمی)یە و لە زمانی عەرەبییەوە وەری گێڕاوە.

* بێجگە لەو کتێبە چاپکراوانەی کۆمەڵێک دەستنووسیشی هەیە و چاوەڕێی لە چاپدانن، لەوانە: (چۆن لە ژیانتا سەرکەوتوو ئەبیت)، نووسینی زانای کۆمەڵناس کلود بریستول کە لە ساڵی ١٩٧٦، لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، دەستنووسێکی دیکەی (بنچینەی فێربوونی مۆسیقا)یە، نووسینی ئەدۆلف دانهاوزەر کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە، کۆیەی دوارۆژ کە لە ساڵی ١٩٩٢ نووسیویەتی، (بەختیاری ڕاستییە، یان ئەندێشە)، کە سەبری مەقدسی نووسیویەتی، لە ساڵی ٢٠١٤ لە زمانی عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، (ڕۆشنبیری و گەڕی نوێبوونەوە)، نووسینی سەبری مەقدسی،



زاهیر محەمەد– ئازاد عەبدولواحید

هەر لە ساڵی ٢٠١٤، لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەو دەستنووسانەی ساڵانێکە وەری گێڕاون، چاوەڕێی هیمەتی دەزگایەکی چاپکردنن بۆی لە چاپ بدەن.

* سەرەڕای نووسین و وەرگێڕانەکانی کە تا ئێستا بەشێکی لێ چاپ کردوون و بەشێکیان چاوەڕێی چاپن، زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بەغدا و سلێمانی و هەولێر و کۆیە وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە و پەیتا پەیتا بڵاوی کردوونەتەوە، لەوانەش ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون: ڕۆژنامەکانی: ئازادی، هاوکاری. گۆڤارەکانی: بەیان، ڕەنگین، هەنگ، گەپ، پەیژە، چلاواز، نووسەری نوێ، مێرگ، هەرێمی کوردستان، کەکۆن، ڕامان، کە لە بارەی هونەر و شیعر و ئەدەبیات و منداڵ و مێژوو، بیروڕای خۆی دەربڕیوە و زۆر بابەتی سەرنجڕاکێش و بە کەڵکیشی وەرگێڕاوە.

* بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێک سەرۆکی تیپی باواجی کۆیە بووە و لەبەر تۆمارکردنی گۆرانییەکانی ئەو تیپە و سازکردنی ئاهەنگی بەردەوام لە بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، دوای ساڵی ١٩٧٠ و کەشوهەوای سازگار و لە باری ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ناوی ئەو هونەرمەندە، بە هەوادارانی هونەر ئاشنا بووە،

بە تایبەتیش کە سەروکاری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەی کردووە، ئەوەی زیاتر ئەو تیپەی پێ دەناسرایەوە، ئەو مۆرکە تایبەت و ڕەسەنەی میلۆدییەکان بوو، کە زۆر بە ڕۆح و گوێچکەی گوێگران و بینەرانی ئەو ئاواز و گۆرانییانە شیرین و دڵگیر بوون و جێگەیان لە دڵ و دەروونیان کردبووەوە، چونکە میلۆدییەکان هەڵقوڵاوەی هەناوی دەڤەرەکە و وراتی کۆیە بوون، درێژەپێدەری هونەری باڵای کەسانی گەورەی وەک ئەمیناغای ئەختەر و ڕەشیداغای حەوێزی و مەڕبێن و حەنیلە خڕە و سێوە و حاجییە گەورە و مەلا ئەسعەد و مەلا ئەحمەدە کۆر و محەمەدئەمین عەباس و تایەر تۆفیق و خالید دلێر و.. بووە، ئەو میلۆدیانەش نەک هەر لەناو دڵ و دەروون و هەست و نەستی هەموو تاکێکی کۆیی، بگرە لە دڵ و دەروون و یادەوەری هەموو خەڵکی کوردستاندا جێگەی خۆیان کردبووەوە.

* کوڕی خانەوادەیەکی ئەدەب پەروەر بووە، باوکی مەلا محەمەد دلاوەر زۆر حەزی بە شیعر و ئەدەبیات کردووە، چونکە زانایەکی ئایینی کراوە و شاعیر و ڕۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە بووە، شاری کۆیەش بۆ خۆی مەڵبەندی شاعیران بووە، بۆیە هەر زوو بەناوی شاعیرە گەورە و کاریگەرەکانی ئاشنا دەبێ، بێجگە لە شاعیرانی کۆیە، وەک خوێنەرێکی باشی شیعری کوردی و شاعیرە گەورەکان، شیعری باڵای بۆ ئاوازەکانی هەڵبژاردووە، ئەو کە (١١٤) ئاوازی داناوە، هەوڵی داوە شیعری شاعیرە باشەکان هەڵبژێری و ئاوازیان بۆ دانێ و بیداتە ئەو گۆرانیبێژانەی گۆرانییەکان دەڵێن کە ئەو شاعیرانە ژمارەیان زۆر بووە، لە ناویاندا لە شاعیرانی کلاسیک تا شاعیرانی سەردەمی نوێی گرتووەتەوە، لەوانە: ئاوازی بۆ شیعری نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی داناوە، ئاوازی بۆ (١٤) شیعری عەونی داناوە، (٨) دانە شیعری ئەحمەد دڵزار و (٦) شیعری هێمن و (٤) شیعری کەریم شارەزا، (٣) شیعری د. مستەفا زەنگەنە، (٢) شیعری جەلال جۆبار، (٢) شیعری کامەران موکری، (٢) شیعری مەدحەت بێخەو، (٢) شیعری ڕەهبەری سەید برایم و (٢) شیعری ڕەمەزان زامدار، (١) شیعری نەسرین مستەفا و سروودی پێشمەرگە کە شیعری زەینەب خادیمی سەجادە و چەند شیعرێکی خۆیەتی.

* گەشتی ئاوازدانانی م. زاهیر محەمەد لە شەستەکانەوە دەست پێ دەکات، لەو کاتەوە کە قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا — بەشی مۆسیقا بوون، یەکەم جار ساڵی ١٩٦٠، لەسەر داوای هاوڕێیەکی عەرەبی بەغدایی کە ئەویش لە پۆلی سێی بەشی مۆسیقا بووە، بە ناوی مەهدی عەلی، کە لە پۆلی یەکی پەیمانگە بووە ئاوازی بۆ تەوشحێکی ئایینی بەناوی (طلع البدر علینا، من ثنیات الوداع)ی داناوە، ئەو هاوڕێیەی کە لە قوتابخانەیەکی تێکەڵاوی بەغدا کۆتایی ساڵ تەتبیقی کردووە، هەر ئەو هاوڕێیەی نۆتەی ئاوازەکەی نووسیوەتەوە، ئێستا ئەو سرووده ئایینییە بە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە، زۆر دەستکاری کراوە و ناوی ئەویشیان لەسەر لابردووە. ئاوازی بۆ زۆر دەنگخۆش و گۆرانیبێژی کورد داناوە، کە لەناو ئەوانەدا ئافرەتان و پیاوان و لاوان هەن، لەوانە: ئەنوەر تاهیر، عەدنان جەمال، عەبدوڵڵا دڵسۆز، قادر ئەحمەد، سەلاح پشدەری، قاسم فەرەجوڵڵا، گوشاد کەمال، دلێر سادق، ئیسماعیل شەیدا، کە هەندێ لەوانە کۆچی دواییان کردووە، ئاوازی بۆ چەند خانمێکی دەنگخۆشیش داناوە لەوانە: تارا ڕەسووڵ، دڵنیا قەرەداغی، دیمەن جەلال جۆبار، شنۆ ئیبراهیم.

* هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەست پێکردنی لە ساڵی ١٩٥٧ بوو، ئەو ساڵە بەخت یاوەری بووە و مامۆستا باکووری کە هونەرمەندیش بووە وەک

مامۆستای زمانی ئینگلیزی هاتووەتە قوتابخانەکەیان کە ناوی ناوەندیی کۆیە بووە، دوای ماوەیەک هەوڵی داوە چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش بکا، لەو قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەندی هونەری مۆسیقای هەڵبژاردووە، م. زاهیر محەمەد یەکێک لەو قوتابیانە بووە، لەو کات و سەردەمەدا بەهونەری مۆسیقای ئاشنا کردوون و ڕۆژانە دوای نیوەڕۆیان لە ژووری نیگارکێشان ڕاهێنانی پێ کردوون، ئەوکاتە خوێندنی قوتابیان چوار وانەبووە، ئێوارانیش دوو وانە دەخوێنرا و لەسەر چەند ئامێرێک ڕاهێنانی پێ کردوون. ئەوە بوو م. زاهیر محەمەد و ئیبراهیم فەرەجوڵڵا بە کەمان، ئەکرەم باقی بەعود، سەردار ئەحمەد بە نای، نەشئەت حەمید بە دەف، عەونی عەلی بە تەپڵ بەشداربوون، کە ئەو قوتابییە بەهۆی ئەوەی باوکی مەعاونی پۆلیس بووە، هاتووەتە شاری کۆیە کە خۆیان لە بنەڕەتدا خەڵکی شەنگال بوون، دوای ماوەیەک لە کۆیە ڕۆیشتوون.

* بە سەرپەرشتی مامۆستا باکووری لەو قوتابیانە تیپێکی مۆسیقای بچووک وەک چالاکیی قوتابخانە دامەزراوە و چەند چالاکییەکی سنوورداریان لە قوتابخانەکەیان بۆ دایکان و باوکانی قوتابیان پێشکەش کردووە، هەر خۆشیان تیپەکەیان ناو ناوە (باواجی)، دوای ساڵ و نیوێک تیپەکە لە کارکردن وەستاوە، چونکە قوتابییەکان هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتوون، زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر لە بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراون، ئەو سەردەمە لە هەموو عێراقدا تەنیا لە بەغدا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان هەبووە، ساڵی ١٩٦٠ش مامۆستا باکووری چووەتە هەولێر، ئەکرەم باقی بووەتە سەرباز، ئیتر تیپەکەیان نەماوە، لە ماوەی ئەو (٣) ساڵەی لە پەیمانگە بووە، لە ئاهەنگەکانی پەیمانگە و کۆلێژەکانی بەغدا و ئێزگەی کوردی بەشداریی زۆر چالاکیی هونەریی کردووە، ساڵی ١٩٦١ تیپی ئۆرکسترای ڕۆژهەڵاتیی لە بەغدا بەسەرپەرشتی مامۆستاکەیان حیسام ئەلچەلەبی دادەمەزرێ، ئەو دەبێتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیپی ئۆکسترایە و وەک ژەنیاری کەمان وەردەگیرێ، لەو ماوەیەی لەو تیپە بووە، لە تەلەڤزیۆنی بەغدا بە شێوەی زیندوو بەرهەمێک پێشکەش دەکەن، لە هەمان کاتیشدا بەڕەش و سپی بەرهەمەکەیان تۆمار کردووە.

* دوای ئەوەی پەیمانگە تەواو دەکات، لە شاری (کوت) لە خوارووی عێراق وەک دوورخستنەوە بە مامۆستا لە چالاکیی قوتابخانەکان دایدەمەزرێنن، دوای نیوەڕۆیانیش لە هۆڵی قوتابخانەی (هودا) ی کچان، کۆمەڵێک قوتابی فێری مۆسیقا دەکا و لەسەر ئامێری کەمان، عود، ئۆکۆردیۆن، ماندۆلین، تەپڵ، دەف، جاز، تیپێکی باش دروست دەکات و لەو شارەدا زۆر چالاکی دەنوێنن، بەرچاوترین و گرنگترینیان بەڕێوەبردنی ئاهەنگی کردنەوەی کتێبخانەی گشتی بووە، ئەم چالاکییە لە قەزای (صویرە) کراوە کە عەبدولکەریم قاسم خەڵکی ئەوێیە و خۆی لەوێ ئامادە بووە، هەر لەو کاتەدا فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتی (کیندی) لە بەغدا هەبووە، ئەو ڕۆژە هەموو شاندە بەشداربووەکانی ئەو فیستیڤاڵە، لە (صویرە) ئامادە بوون، لەوانە وەزیری مەعاریف ئیسماعیل عارف، لەگەڵ پارێزگاری کوت و زاوای عەبدولسەلام عارف ئەنوەر ئامر و زۆر بەرپرسی دی، دوای (٣) ساڵ مانەوە لەو شارەدا، ساڵی ١٩٦٥ دەگوێزرێتەوە شاری کۆیە، لەو کاتەوە هەوڵێکی زۆر دەدا تا تیپێکی مۆسیقای (ئەهلی) دامەزرێنێ، م. زاهیر محەمەد پێی وایە هەڵەیەکی مێژوویی کراوە کە جارێکی دی ناویان ناوە (تیپی مۆسیقای باواجی)، چونکە ئێستاش هەندێ کەس وا دەزانن ئەو تیپە هەر (تیپی باواجی)یەکەی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەیە.

* ئەو تیپە لە هەموو شارەکانی کوردستان، لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی هەبووە و بەشدار بووە، لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٤ لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی

کوردستان یەکەم بووە، بێجگە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی کە ئەوان لەبەر زۆری ئەندامانی بەشدار بوویان، بە پلەی (ئیمتیاز) دەرچوون، واتە نەخرانە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە، ئەوە بوو لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لە ساڵی ١٩٧٢ مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی (ئیعلام)ی عێراق بۆ تیپەکە وەردەگرن و (١٠) کەس وەک دەستەی دامەزرێنەر دەبنە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری تیپەکە. لەو ماوەیەی لە تیپی باواجی- دا کاری کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاوازی داناوە و گۆرانی ئامادە کردووە، بەڵام کەمێکیان لێ تۆمار کراون، ئەوانەی تۆمار نەکراون بە نۆتە نووسراونەتەوە، لە دووتوێی کتێبدا ئامادەکراون. دوای ئەوەی تیپی باواجی بەرهەمێکی زۆر و چالاکی و ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، لە ساڵی ١٩٧٤، دوای سەپاندنی شەڕی کورد، ئەو تیپە بە بڕیارێکی ستەمکارانەی ڕژێم هەڵوەشاوەتەوە، ماوەی (٩) ساڵ وەستاوە، تا جارێکی دی لە ساڵی ١٩٨٢ مۆڵەتی ڕەسمی سەرلەنوێ بۆ دامەزرانەوەی وەرگیراوە.

* لەو ماوەیەی تیپەکە هەڵوەشاوەتەوە، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد لە مەڵبەندی لاوانی کۆیە بە (موحازەرە) وانەی مۆسیقایان گوتووەتەوە، هەر لەو کاتەشدا تیپێکی مۆسیقا بەناوی (مەڵبەند)ەوە دادەمەزرێنن کە بەشداری ئاهەنگی ناو شار و دەرەوەی کۆیەشیان کردووە، هەروەها لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاوان لە شاری حیللە بەشدار دەبن، جارێکیش لە شاری (سەماوە — موسەننا) بەشداری لە چالاکییەکی مەڵبەندەکانی لاواندا دەکەن. ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٦وە لە شاری هەولێر دەژی، ناوبەناو لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەشداری هەندێ چالاکی دەکات و لە هەندێ لە بۆنەکاندا وەک یادی تایەر تۆفیق و ڕۆژی هونەر لە کۆیە بەشداری کردووە، لە ساڵی ٢٠١٩دا لەگەڵ ئەو تیپە کۆنسێرتێکی گۆرانی لەسەر شانۆی (سەنتەری لاوانی کۆیە) پێشکەشی جەماوەر کردووە کە (٨) گۆرانی نوێ بووە، ئێستا لە تۆمارگەی (هیوا) لە کۆیە، لەسەر CD هەیە و دەفرۆشرێ، ڕەواجێکی زۆری هەیە.

* م. زاهیر محەمەد لە ژیانی هونەری خۆیدا، بەهۆی بەخشش و کار و چالاکییە زۆروزەوەندەکانی، چەندان جار بە خەڵات و ڕێزلێنان و سپاسنامە لەلایەن داوودەزگا فەرهەنگی و حکومییەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، هەندێ جار وەک ئەندام و سەرپەرشتیاری تیپی باواجی و هەندێ جاریش ڕاستەوخۆ ڕێز لە خۆی نراوە، لەوانە: خەڵاتی بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە (بەرلین)ی ڕۆژهەڵات، لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٣. بەشی ڕۆشنبیری و هونەریی کۆمپانیای (چوارچرا)، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/٥، لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەوە (عیرفان عەبدولڕەحمان زەنگەنە)، ڕێزی لێ گیراوە، لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٥، لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری سامی شۆڕش، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە، لە ٢٠٠٦/٣/٣١ کە ڕۆژی هونەرە لە کوردستان، لەلایەن پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر نەوزاد هادی ڕێزی لێ نراوە. خەڵاتی ڕێزلێنان کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری فەلەکەدین کاکەیی و وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کراوە. لە بنکەی مەقام کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، لە بارەی لاوک و حەیران دواوە، ئەوانیش لە پای ماندووبوونەکەی ڕێزیان لێ ناوە، هەروەها بە یادی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق دوو ساڵ لەسەر یەک ٢٠١٤/١٠/٢٢ و ٢٠١٥/١٠/٢٢ خەڵاتیان کردووە، خەڵاتی (سەید برایم)یشی لە کۆیە، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٧ پێ بەخشراوە.

* لە پاش ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە بەشی کەمان (ڤیۆلۆن) وەردەگیرێ و دەگاتە ئاستێکی زۆرباش لە ژەنینی ئەو ئامێرەدا، هەرچەندە ئێستا بەهۆی

تەمەوە پتر خەریکی عود ژەنینە، جارێکیان لە پشووی نیوە ساڵ کە گەڕاوەتەوە کۆیە، سەردانی سلێمانی دەکات و لەوێ حەمەساڵح دیلان-ی شاعیر و دەنگخۆش و قادر دیلان دەکات، ئەوکاتە حەمەساڵح دیلان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی فەرمانبەر بووە، بیناکەیان بەرانبەر مزگەوتی گەورەی سلێمانی بووە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ بینینی هەردوو هونەرمەند نەجاتی عەبدە و حاتم سەعید کە بە (حاتەمەڕەش) ناسرابوو، چووەتە شارەوانی سلێمانی، هەر لە شارەوانی هونەرمەند جەمال بەختیاری دیوە، بۆ ڕۆژی دواتر هەموویان لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی یەکدەگرنەوە، هەندێ گۆرانی بە تۆمارکەری گروندیک بە بەکرە (تێپ) تۆمار دەکەن، کە یەکێکیان گۆرانی (باران بارانە) بووە و بە دەنگی قادر دیلان وتراوە، زاهیر محەمەد ولیەم یوحەننا بە کەمان و هونەرمەندەکانی دیکەش بە ئامێرەکانی خۆیان مۆسیقایان بۆی ژەنیوە.

* پێوەندیی هاوڕێیەتی و دۆستانە و هونەریانەی م. زاهیر محەمەد لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام بووە، ئەو پێوەندییە لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە کە هونەرمەند پۆلی دووی ناوەندی بووە، کاتێک هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ زیان لێکەوتووەکان و لێقەوماوانی شاری سلێمانی، بەهۆی لافاوەکەی ساڵی لە ١٩٥٧/١٠/١٨ هاتوونەتە کۆیە و ئاهەنگێکی گەورەیان ساز داوە، لەلایەن خەڵکی کۆیەوە بڕە پارەیەکی زۆریان وەک کۆمەک بۆ کۆدەکرێتەوە، هاتنی ئەو هونەرمەندانە بۆ کۆیە زۆر کاریگەری بەسەر ئەم هونەرمەندەوە هەبووە، کە بۆ یەکەم جار تیپێکی مۆسیقای دیوە و ڕاستەوخۆ گوێی لە مۆسیقا و گۆرانی بووە، ئیتر لەو کاتەوە مەیل و ئارەزووی بۆ هونەر جووڵاوە و پەرەی سەندووە، ئەمە هەر ئەو ساڵە بووە کە مامۆستا باکووری هاتووەتەوە کۆیە و لەناوەندیی کۆیە وانەی ئینگلیزی گوتووەتەوە، م. باکووری و سێوە لەو ئاهەنگە گەورەیەدا بە گۆرانی و مەقام و مۆسیقا بەشداربوون. بۆ ساڵی دواتر، لە هاوینی ١٩٥٨، لەسەر داوا و بانگهێشتی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، تیپی مەولەوی بەسەرپەرشتی قادر دیلان، ئاهەنگێکی گەورەی هونەری پێشکەشی جەماوەری شاری کۆیە دەکەن، خەڵکێکی زۆر لەناو یانەی فەرمانبەران و سەر گردی قشڵەی کۆیە، ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن، لەو ئاهەنگەدا لەسەر داوای قادر دیلان، بە ئامێری عود، ژەنینێک پێشکەش دەکات.

* من هونەرمەند زاهیر محەمەد، لە ساڵی ١٩٧٣وە دەناسم، ئەو کاتە زووزوو سەردانی کۆیەم دەکرد، بەهۆی ئەوەی هونەرمەند ئازاد بیلال بەهائەددین ماڵیان بەرانبەر ماڵی خاڵە تایەر ئەحمەد حەوێزی م بوو، بەهۆی ئەوەش کە لەو کاتانەدا هاموشۆی ماڵیانم دەکرد، لەبەر ئەوەی وەک کەمانچەژەنێک ئەندامی تیپی باواجی کۆیە بوو، لەولاشەوە کوڕە پوورێکم کە ناوی ئەمیر مستەفا (دڵبەند) لەو تیپەدا کۆرس بوو، بۆیە زۆر ئێوارەی ئەو ڕۆژانەی لە کۆیە دەبووم سەردانیانم دەکرد، ئەوان خەریکی ڕاهێنانەکانی خۆیان بوون، منیش وەک گوێگرێک لەوێ دادەنیشتم. لەمێژ بوو دەمویست گفتوگۆیەکی قووڵ و بەرفراوان لەگەڵ م. زاهیر محەمەد بکەم، بۆ ئەوەی کارێک بێ لە قەبارە و گەورەیی بەخششەکانی بوەشێتەوە، ساڵی ٢٠١٧/٤/٦ بەشێکم لە گفتوگۆکە تۆمار کرد، بەڵام تەواومان نەکرد و مایەوە، تا لەو دواییە تێهەڵچووینەوە و چەند بەشێکی دیکەمان تۆمار کرد، کە بە تێروتەسەلی باسی هەموو وێستگەکانی ژیان و ئەزموونی هونەری و نووسینەکانی کرا، بیروڕای ئەومان لەبارەی زۆر لایەنی گرنگی هونەری وەرگرت، ئێستا کاتی ئەوەیە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەڤپەیڤینەکەمان بخوێننەوە و بە کار و بەرهەم و بەخششەکانی ئاشنا بن.

**ڕامان:** لە ئۆفیسی گۆڤاری ڕامان، لە سەنتەری میدیا، بە دیداری هونەرمەند زاهیر محەمەد گەیشتم، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو گفتوگۆیەکی تێروتەسەل سەبارەت بە وێستگەکانی کاری هونەریی و ئەزموون و بۆ ئەم دیدارە ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ ساز بدەین.. سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەم.

**زاهیر محەمەد:** زۆر سپاس.

**ڕامان:** سەرەتا وەک دەروازەی چوونە ناو باس و گفتوگۆکەمانەوە لە ژینگەی خێزانیتەوە دەست پێ دەکەین، ئەو ژینگەیەی تۆی تێدا پەروەردە بووی و چاوت بۆ ژیان هەڵێناوە، لەو ژینگەیەی چاوت تێدا کردووەتەوە، بینیوتە باوکی خوا لێخۆشبووت مەلا محەمەد ئیبراهیمی دلاوەر، لە کۆیە وەک شاعیرێکی بەناوبانگ بەرهەمی شیعریی هەیە، لەناو خەڵکیدا وەک پیاوێکی ئایینی کراوە ناسراوە، بێگومان ئەو ژینگەیە، ژینگەیەکی سازگاری ڕۆشنبیرییە، حەز و مەیلت بۆ ئەدەبیات و شیعر و نووسین و هونەر دەبزوێنێ، ئەو کەشوهەوایە کاریگەری لەسەر تۆ بەجێهێشتووە، پێم خۆشە باسێکی باوکتمان، وەک شاعیرێک و پیاوێکی ئایینی بۆ بکەی، کاریگەریی لەسەر دروستکردنی کەسایەتی تۆ چ بووە؟

**زاهیر محەمەد:** وەک ئاماژەت پێ دا، ئێمە لە بنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە بووین، باوکم لە کۆیە مەلا بوو، بەڵام بە شایەدی هەموو خەڵکی کۆیە، مەلایەکی کراوە و شاعیرێکی ناسراویش بوو، لە زەمانی مەلیک لایەنگرانی ئاشتی- ئەنسارولسەلام هەبوو، باوکم ئەندامی ئەنسارولئسەلامی جیهانیش بوو.

**ڕامان:** ئەو ئەنسارولسەلامە زەمانی مەلیک نییە، ئەوە هیی پاش کودەتاکەی (عەبدولکەریم قاسم)ە و لە ساڵی ١٩٥٨وە دروست بوو، مامۆستایان گۆران و قانع ئەندامی ئەو ڕێکخراوی ئاشتیخوازە بوون.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هیی ئەو کاتە بووە، بەڵام ئەو بیرۆکەیە هەر هەبووە.

**ڕامان:** ئەوانە ئەندامی حزبی شیوعی نەبوون، بەڵام لایەنگرانی ئاشتی بوون، کۆترێکیان بە یەخەیانەوە دەکرد، حزبی شیوعی پشتیوانی لەو ئاشتیخوازانە دەکرد.

**زاهیر محەمەد:** کاتی خۆی هەر کەسێک ڕۆشنبیر بووایە، دەیانگوت ئەوە شیوعییە و وایان ناو لێ دەنا، ئەوانەی ڕۆشنبیر بوون، بەتایبەت ئەوانەی لە توێژی شاعیران و ڕۆشنبیران نزیک بان، ئەو ناوەیان لێ دەنان.

**ڕامان:** ئەوجا باوکت ئەندامی ئاشتیخوازان بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەندامی ئاشتیخوازان بوو، لەگەڵ خوا لێی خۆشبێ کاکە زیادی حەماغای کۆیە بوو.

**ڕامان:** دیارە لە کۆیە لقیان هەبووە، ئەوانە بارەگایان هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** بارەگایان نەبوو، ئەو کاتی بارەگا نەبوو، هەروا ناوێک بوو.

**ڕامان:** ئاخر لە سلێمانی و لە شارەزووریش لقیان هەبوو، مامۆستا (قانع)ی شاعیر بەرپرسی ئاشتیخوازان بوو و بارەگایان هەبووە، بۆیە دەمەوی بزانم ئاشتیخوازان لە کۆیەش بارەگای هەبووە، یان نەیبووە؟

**زاهیر محەمەد:** لە کۆیە بارەگای نەبوو، من نەمدیتبوو، نازانم، لەوانەیە هەیبووبێ.

**ڕامان:** لەوانەشە لە ماڵێک کۆ بووبێتنەوە و قسەیان کردبێت و بیروڕای خۆیان ئاڵوگۆڕ کردبێ و پاڵپشتیان لە پەیامی ئاشتی کردبێ؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لەوانەیە.

**ڕامان:** ئەو کرانەوەیەی باوکت باسی لێوە دەکرێ، کاریگەریی زانایەکی ئایینی گەورەی وەک مەلا محەمەدی کۆیی و حاجی قادری کۆیی و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و ئەوانی دیکەی لەسەر نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** کاتی خۆی باوکم فەقێی مەلای گەورە و باوکی مەلای گەورە بووە، دۆستایەتی و نزیکایەتییان زۆر لەگەڵ ئەوان خۆش بوو.

**ڕامان:** زۆر تێکەڵاوی یەکدی بوون، ئەو کرانەوەیەش لەوەوە هاتووە؟

**زاهیر محەمەد:** بێگومان کاریگەریی لەسەری هەر هەبووە، ئەو کەسایەتییانە کاریگەرییان لەسەری هەبووە ، ئەوە شتێکی ئاساییە.

**ڕامان:** با جارێ لەسەر دەوری باوکت وەک زانایەکی ئایینی و شاعیرێک باز نەدەین، چونکە دەوری لە بنیاتنانی کەسایەتیی تۆ گرنگە، ئەو بیروڕا سیاسییانەی کە لەلای باوکت گەڵاڵە بوون، لە کوێوە سەرچاوەیان گرت؟ بۆ نموونە چۆن لە ئاشتیخوازان نزیک بووەوە؟

**زاهیر محەمەد:** باوکم دۆستایەتیی زۆر گەرموگوڕی لەگەڵ شاعیرانی کاتی خۆی هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ ئەحمەد دڵزار، کەریم شارەزا، عەونی، کاتی خۆی باوکم دەرسی بە عەونی گوتووە، چونکە ماوەیەکی زۆر، چەند ساڵان فەقێ بووە، ئەوەندەی بزانم عەونی قوتابخانەی تەواو نەکردووە، هەر لە حوجرەی مزگەوتان ئەو خوێندەوارییەی پەیدا کردووە، بۆخۆشی کەسێکی زیرەک بووە، خۆی گەشەی بە بەهرەکانی خۆی داوە و پەرەی بە ڕۆشنبیری خۆی دابوو، ئەوانەش کاریگەرییان هەیە، دۆستایەتیی بەردەوام لەگەڵ خەڵکی ڕۆشنبیر،



**بەغدا (بەشی ناوخۆیی)، ٢٥/ ١١/ ١٩٦٠، لە ڕاستەوە: زاهیر محەمەد، تەها خەلیل، سەردار زوهدی، نووری ئیسماعیل.**

کاریگەریی لەسەر مرۆڤەکان دەبێت، ئەو کرانەوە و ڕۆشنبیرییە لەوەوە هاتووە.

**ڕامان:** دیارە خۆشی ئەو مەیلەی هەبووە، بۆیە لەو کەسانە نزیک بووەتەوە و هاوڕێیەتی لەگەڵیان دروست کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئاخر خۆی شاعیر بووە، شاعیر لەگەڵ ڕۆشنبیر و شاعیری دیکە هەمیشە حەز دەکات تێکەڵاوی هەبێت و لێک نزیکبوونەوە و بیروڕا گۆڕینەوەی لەگەڵیان هەبێ، دواییش لە مزگەوت ئەوانەی کە زەوقی شیعر، یان گۆرانیشیان دەگوت، ئێواران پاش نوێژ، دەهاتن و لەگەڵ باوکم دادەنیشتن، تا ئێوارەیەکی درەنگ دادەنیشتن، یان تا شەوێکی درەنگ، گفتوگۆ و دەمەتەقێ دەکرا و باسیان لە هەموو بابەتێک دەکرد، بێگومان ئەو جۆرە دانیشتنانە کاریگەرییان دەبێت.

**ڕامان:** شوێنی دانیشتنیان لەباتی ئەوەی لە ماڵێک، یان لە گازینۆیەک بێ، زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکان بووە؟

**زاهیر محەمەد:** دانیشتنەکان لە حوجرەی مزگەوت، هاوینیانیش لەسەر سەکۆکەی مزگەوت بوو، ئەوێ سەکۆیەکی هەبوو، جێگەیان ڕادەخست و لەوێ دادەنیشتن.

**ڕامان:** ڕایەخەکان حەسیر و کلیم و لباد بوون.. هیچ ڕێکەوتووە سەردانی مزگەوت بکەی و باوکت لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشتبێ و کۆبووبێتنەوە و قسەیان کردبێ؟

**زاهیر محەمەد:** ئێمە ماڵمان چەند مەترێک لە مزگەوتەکە دوور بوو، بەڵام ئەو کاتە لەلایان دانەدەنیشتم.

**ڕامان:** گوتم لەوانەیە ئاو و چات بۆ بردبن؟

**زاهیر محەمەد:** کە لەوێ کۆ دەبوونەوە دەمدیتن، هاتوچۆی مزگەوتم دەکرد، بەڵام لەگەڵیان دانەنیشتووم.

**ڕامان:** وەک خزمەتگوزاریت پێشکەش نەکردوون، پێدەچی خەڵکی دی هەبووبن ئەو ئیشەی بۆیان کردبێت؟

**زاهیر محەمەد:** خەڵکی دیکە هەبوون، لەوێ فەقێیان هەبوو.

**ڕامان:** وەک بزانی ئەوانەی هاموشۆی باوکتیان دەکرد، کێ و کێ بوون، ئەگەر ناوەکانیان بڵێی؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی هاموشۆی باوکمیان دەکرد حەمەدەمینە گۆجە- حەمەدەمین کەبابچی، هەرچەند نوێژیشی نەدەکرد، هەمزەی حاجی ڕەسووڵ (پەنیرفرۆش)، کە بەردەوام هاتوچۆی بەغدای دەکرد، زۆر ئاگاداری دنیا بوو، بەکرئاغا، بەکر سدیق، ئەوانە هەر زۆر برادەری باوکم بوون، زۆری واش هەبوون، لە دەرەوەی کۆیە، لە بەغدا و کەرکووک و هەولێر و ئەو شوێنانەوە کە دەهاتن، ئێواران لە لای باوکم کۆدەبوونەوە، هەمیشە لەسەر شیعر و ئەدەبیات دەمەتەقێیان دەکرد، جاری واش هەبوو دەپەڕینەوە سەر باسی سیاسەت و لەبارەی سیاسەتیش قسەیان دەکرد.

**ڕامان:** ئەوانەی لە کەرکووک و سلێمانی، یان لە بەغداوە ڕوویان کردووەتە کۆیە و هاتوونە لای باوکت، ناوی ئەوانە دەزانی؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی لە بەغداوە دەهاتن محەمەدی مەلا واحید، ئەوە لە بەغدا دەژیا، ئەندازیارێکی کۆیی بوو، جارێکیش خاوەنی ڕۆژنامەی (حبزبوز)، کە ناوی (نووری سابیت) بوو هات، هەمزە حاجی ڕەسووڵ لەگەڵ خۆی هێنابووی، پێکەوە هاتن بۆ مزگەوت، لەگەڵ باوکم دیداریان هەبوو.

**ڕامان:** مەبەستت لە هەمزەی حاجی ڕەسووڵ، باوکی شێرکۆیە؟

**زاهیر محەمەد:** هەمزەی حاجی ڕەسووڵ، باوکی دوکتۆر ڕەسووڵ هەمزە، ئێستا شێرکۆی کوڕی و شلێری کچی و ئەوانی دیکە ماون.

**ڕامان:** ئەدی لە سیاسییەکان کێ دەهات سەردانی باوکتیان دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** لە سیاسییەکان هەر ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزا و ئەوانە بوون.

**ڕامان:** کەسی دیکە نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** هەبووە، بەڵام لەوانەیە ئەو کاتی من نەمناسیبن.

**ڕامان:** وەک دیارە باوکت زیاتر بەرەو چەپ ڕۆیشتووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بەرەو چەپ بووە.

**ڕامان:** واتە مەلایەکی چەپ بووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە نەبووە کە ئێستا هەندێک دەڵێن شیوعی بووبێ، بەڵام بیروباوەڕی ئەو

کاتـی ئـاوا بـووە، ئـەو لەگـەڵ ئـەو بیروبـاوەڕە ڕێـک بـووە.

**ڕامـان:** کـەی بـوو بیروبـاوەڕی بـەرەو لای بیـری نەتەوایەتـی و کوردایەتـی ڕۆیشـتووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** هـەر لـە سـەرەتاوە کوردایەتـی و بیـری نەتەوایەتـی لـەلا هەبـووە، بـەڵام بیـرە نەتەوایەتییەکـەی کـراوە بـوو، کوردایەتییەکـەی لەسـەر ڕێـی چـەپ بـووە، دەنـا ئـەو هـەر کوردایەتی کـردووە، باشـترین بەڵگـە ئەوەیـە یەکـەم کـەس بووە کە شیعری لەسـەر نـەورۆز داناوە، هەرچەند ئێسـتا شـیعرەکەم لەبیـر نییـە.

**ڕامـان:** سـاڵی چەنـد شـیعری بـۆ جەژنـی نـەورۆز نووسـیوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەوە زۆر لەمێـژە، دانەیەکیـان لـە سـاڵی ١٩٣٢، ئـەوی دیکەیـان لـە سـاڵی ١٩٣٣ بـووە.

**ڕامان:** زۆر باش بوو ساڵەکەت زانی.

**زاهیـر محەمـەد:** شیعرەکە لـە ڕۆژنامـەدا هەیـە، کەریـم شـارەزاش بـڵاوی کردووەتـەوە، کوڕەکـەی (هەمـزەی حاجـی ڕەسـووڵ)یش لـە فەیسـبووک، لـەو ڕۆژانـەدا بـڵاوی کـردەوە.

**ڕامـان:** باوکـت شـیعری کلاسـیکی نووسـیوە، وەکوو لە بواری سیاسـەت و کۆمەڵایەتی کرانەوەی هەبـووە، لـە بـواری ئەدەبیـات و شیعرنووسـیندا هەوڵـی نوێخوازیـی هەبـوو؟ وەک خوێنەرێکـی شـیعر و نووسـینەکانی باوکـت، توانیویەتـی لـە قاڵبـی کلاسـیک بێتـە دەرێ؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، نوێبوونـەوە و تازەگەریی لە شیعری کوردیدا کـردووە.

**ڕامـان:** وەک بـە بیـرت بـێ کتێبخانەکـەی باوکـت چـۆن بـوو، لەگـەڵ کتێـب خوێندنـەوە پێوەنـدی بـاش بـوو؟

**زاهیـر محەمەد:** کتێبخانـەی هەبوو، کتێبخانەیەکی باشـی لـە حوجرەی مزگەوتـێ هەبوو.

**ڕامـان:** ئـەو کتێبخانەیـە هیـی خـۆی و تایبـەت بـە خـۆی بـوو، یـان هیـی مزگـەوت بـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، تایبـەت بـە خـۆی بـوو، کتێبـی زۆری هەبـوو.

**ڕامان:** ئەی لە ماڵەوە کتێبخانەی هەبوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** لـە ماڵـەوە کتێبخانـەی نەبوو، ئـەو کاتـی ماڵەکەمـان جێگـەی کتێبخانـەی لـێ نەدەبـووەوە.

**ڕامـان:** لـەو کتێبخانەیـەدا کـە لـە مزگـەوت بـوو، کتێبـە ئەدەبییـەکان و دیوانەکانـی شـیعر و چـی و چـی دی لـێ بـوو؟

**مامۆستا باکووری هونەری مۆسیقای هێنایە شاری کۆیە.**

**زاهیـر محەمـەد:** هەمـوو جـۆرە کتێبێکـی تێدابـوو، بـەڵام نازانـم کەوتنـە دەسـت کـێ، دیوانێکـی شـیعری خـۆی هەبـوو، بـۆ چـاپ ئامـادەی کردبوو، ئـەو کاتـی دەسـتی کـورت بـوو، بـۆ چاپـی ئـەو دیوانـە توانایـی ئـەوەی نەبـوو بـڵاوی بکاتـەوە و بیکاتـە دیوانێکـی چـاپ کـراو، جارێـک یەکێـک لەوانـەی کـە گوتـم لەگـەڵ محەمـەدی مـەلا واحیـد هاتنـە کۆیـە، کابرایـەک هەبـوو بـە بنەچـە کۆیـی بـوو، کەوتبـووە بەغـدا، نـاوی نەجیـم شـا، زۆر دۆسـتی کاکەسـووری پارێـزەر بـوو، کـە دەهاتـە کۆیـە لـەلای ئـەو میـوان دەبـوو.

**ڕامان:** ئەو نەجیم شایە دۆستی باوکت بوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، نەجیـم شـا دۆسـتی باوکیشـم بـوو، ئـەوە هاتبـوو گوتبـووی دیوانەکـەت بێنـە مـن دەیبەمـە بەغـدا بـۆت چـاپ دەکـەم، چەنـد پـارەی تـێ چـوو مـن دەیـدەم، دوایـی کـە فرۆشـتمان، لـە پارەکـەی دەگێڕمـەوە. باوکیشـم دابوویـە دەسـتی، ئـەو کابرایـە پیـر بـوو، لـە بەغـدا خانەنشـینیش کرابـوو، وا بزانـم لـە خانـەی مامۆسـتایان ئیشـی بەردەسـت و خزمەتگـوزار

بوو، دڵنیا نیم و نازانم لە کوێ بوو، ئەوە دیوانەکەی باوکمی بزر کرد و هیچ سۆراغی نەما.

**ڕامان:** هەوڵتان نەدا دیوانەکەی باوکت بدۆزنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە هەشتاکان ئەو کاتە زۆر نەبوو ئەو تەلەفۆنە دیجیتاڵیانە هاتبووە کۆیە، تەلەفۆنم لەگەڵ حەمید بێتووشی کرد، حەمید بێتووشی ئەفسەرێکی کۆیی بوو، ئەویش لە بەغدا دادەنیشت، خانەنشین بوو، ئەو نەجیم شایە هەمیشە دەچووە ماڵیان و هەموو ئێواران لەگەڵ ئەو دادەنیشت. تەلەفۆنم بۆ کرد و پێم گوت ئەگەر نەجیم شا هاتە لات، سۆراغی ئەو دیوانەی باوکمی لێ بکە، بزانە چی لێ کردووە، ئەو هەر زوو پێی گوتم کوڕە ئەوە خەڵەفاوە، باوەڕ ناکەم هیچ ئاگای لە خۆی مابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێی دەڵێم. یەک دوو ڕۆژی پێ چوو، حەمید بێتووشی تەلەفۆنی بۆ کردمەوە گوتی پێم گوتووە و دەڵێ نازانم چیم لێ کردووە و داومەتە چ چاپخانەیەک، لێم بزر بووە، ئیتر تا ئێستاش سۆراغی ئەو دیوانە نەما.

**ڕامان:** ئەو کاتەی کەوتیتە سۆراغی دیوانەکە باوکت نەمابوو؟

**زاهیر محەمەد:** نا، نەمابوو، لە حەفتاکان، ناوەندی حەفتاکان بوو.

**ڕامان:** تۆ کوڕی گەورەی باوکت بووی؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، (کاکە برایم)م لە من گەورەترە.

**ڕامان:** تەمەنەکەت بایی ئەوەندە بووە کە بە باوکت بڵێی، ڕێگەم بدە هەندێک لەو شیعرانەت لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە وەک گەلاوێژ، هیوا، شەفەق بڵاو بینەوە؟

**زاهیر محەمەد:** من قەت ئەو باسەم لەگەڵ



**ئەڵمانیا (بەرلین)، میهرەجانی لاوانی جیهان، ١٩٧٣، لە ڕاستەوە: ئەنوەر توفی، شیرین ساڵح بێداوی، زاهیر محەمەد، ئەوانی دی ئەڵمانین.**

نەکردەوە، ئەوسا گۆڤاری شەفەق لە کەرکووک دەردەچوو.

**ڕامان:** بەڵێ، هەندێک لە گۆڤارەکان لە بەغدا، هەندێکی لە کەرکووک و سلێمانی دەردەچوون.

**زاهیر محەمەد:** عوسمان خۆشناو لە کەرکووک دادەنیشت، هەندێک شیعری لێ وەرگرتبوو، یەک- دووانێکی لە گۆڤاری (شەفەق)دا بڵاو کردەوە، ئەو شیعرانە ماون.

**ڕامان:** بۆچی وەک بنەماڵەی ئەو شاعیرە، کە لە مێژووی شیعری کوردیی شاری کۆیەدا ئیشی کردووە، هەوڵتان نەدا ئەو شیعرە پرشوبڵاوانەی کۆ بکەنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** شیعرەکانی زۆر پێشانی ئێمە نەدەدا.

**ڕامان:** بۆچی ئەو شیعرانەی لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، یان ئەو لا و ئەو لادا بڵاوبوونەتەوە کۆ ناکەنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** ماوەیەکی زۆر ئاگام لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە نەبوو، بە تایبەتی لە سەردەمی منداڵیم، ئەوە هەر گرنگیم پێ نەدەدان، دوایی لە قۆناغی لاوێتی، من سەرقاڵی شتی دیکە بووم، لەوانە وەرزش و هونەر و مۆسیقا و

خوێندن.

**ڕامان:** دێمە سەر باسی ئەو لایەنانە، بەڵام دەمەوێ هەندێک زیاتر لەسەر باسی باوکت ڕابوەستین، چونکە بۆ کۆیە کەسێکی گرنگە، بۆیە دەبێ پتر قسەی لەسەر بکەین.. بێگومان شاری کۆیە شاعیری زۆر بووە، تۆ دەزانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو شاعیرانە خەڵکی دەیانناسێ و دیوانی چاپکراویان هەیە، بەڵام هەندێکیشیان وەکوو باوکت کە شیعری نووسیوە، یان یەکێک لەوانە (فایق) ناوێک کە لە کۆیە، لە تاپۆ ئیشی کردووە، ڕۆستەم حەوێزی دەیگوت ئەوە یەکێک لە شاعیرە باشەکان بووە، کاتی خۆی من دیوانەکەیم لەلای ڕۆستەم حەوێزی دیتبوو، تەنیا یەک دانە شیعرم لێ وەرگرت و لە بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری نوێ، لە ساڵی ١٩٧٤دا بڵاوم کردەوە، بەڵام دوایی گوتیان ئەو دیوانەش بزر بووە، ئێوە هەست بە کەمتەرخەمی ناکەن کە کوڕ و نەوەی ئەو پیاوەن و تا ئێستا هیچی لەبەر دەستدا نییە؟

**زاهیر محەمەد:** ڕاستییەکەی ئەو کاتی بڵاوکردنەوە زۆر زەحمەت بوو، لەبەر ئەوەی کۆیە شارێکی دوورەدەست بوو، ڕێگەوبان و هۆیەکانی گواستنەوە کەم بوون، گۆڤار و ڕۆژنامە تەنیا لە بەغدا دەردەچوون، لە کۆیە نە چاپخانە، نە گۆڤار و ڕۆژنامەی وای لێ نەبوو ئەو شیعرانەی تێدا بڵاو ببنەوە، وەک گوتیشم باوکم زیاتر خەریکی مزگەوت و فەقێ و دەرسگوتنەوە بوو.

**ڕامان:** باشە ئەوە بیروڕای باوکت دیارە، کە باوەڕێکی ئایینی هەبووە، لە بارەی سیاسەتەوە هەندێک قسەمان لێوە کرد، لەولاوەش خەریکی شیعر بووە، لەناو بنەماڵەی ئێوە ئەوەندەی من ئاگام لێیە، تۆ لە بواری مۆسیقا و هونەر ئیشت کردووە، براکانت: برایم محەمەد، سەلاح محەمەد، سەعدوڵڵا محەمەد خەریکی هونەر بوون، ئەو ڕووکردنە هونەرەتان لە کوێوە هاتووە؟

**زاهیر محەمەد:** جارێ من لە پێش هەموویان، چونکە من لەوان بە تەمەن گەورەترم، هەر لە خوێندنی سەرەتاییەوە حەزم لە گۆرانی و سروود و مۆسیقا بوو، بەتایبەتی لە تیپی سروودی قوتابخانە بەشداربووم، لە سەرەتایی مامۆستایەکمان هەبوو ڕەسووڵ خدر، سروودی پێ دەگوتین، دەنگیشی یەکجار خۆش بوو، لەوەوە من ئارەزووی سروودگوتن و گۆرانیم کەوتە سەر، دوایی خۆم فێری نای و شمشاڵ کرد، ئەوەندەی کە دەمزانی، ئەو کاتە نای تەختە هەبوو، پێیان دەگوت شیفرا، من ئەوەم هەبوو، دوایی کە هاتمە قۆناغی خوێندنی ناوەندی، ئیتر لەوێوە زیاتر هاتمە ناو کۆڕی مۆسیقاوە.

**ڕامان:** گوتت مامۆستا ڕەسووڵ خدر لە قۆناغی سەرەتایی هاندەرت بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، لە خوێندنی سەرەتایی مامۆستام بوو.

**ڕامان:** لە پۆلی چەندی سەرەتایی بووی کە مامۆستای سروودتان بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە لە پۆلی پێنج و شەش بوو.

**ڕامان:** تۆ لەو سەرەتایەوە دەستت پێ کرد؟ ئەو مامۆستایە چەند هاندەرت بوو، چۆن بەهرەی تۆی دۆزییەوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە خوێندنی سەرەتایی، ئەو کاتی خوێندنی قوتابخانە هەر بەیانیان بوو، تەنیا دووشەممان و پێنجشەممان ماوەی

سەعاتێک، سەعات و نیوێک پاش نیوەڕۆیان دەچووینەوە قوتابخانە، پێیان دەگوت «چالاکی دەرەوەی پۆل- نشاط لاصفي» ئاوایان ناو نابوو، ئەوجا چالاکییەکان وەرزش، یان سروود و گۆرانی و ئەو جۆرە شتانە بوون، من لەوێوە دەستم پێکرد ئەو مامۆستا ڕەسووڵ خدرە سروودی پێ دەگوتین، دەنگی زۆر خۆش بوو، من لێرەوە ڕووم کردە وەرزش و هونەر.

**ڕامان:** لە خوێندنی سەرەتایی مامۆستای دیکەتان نەبوو هانتان بدا، تەنیا ڕێکەوتی ئەو مامۆستایەت کرد؟

**زاهیر محەمەد:** بۆ ئەو قۆناغە هەر ئەوم بەبیر دێ.

**ڕامان:** ئەوجا کە چوویتە قۆناغی ناوەندی، مامۆستایەکی دیکەی هونەرت ناسی؟

**زاهیر محەمەد:** لە پۆلی دووی ناوەندی، لە ساڵی ١٩٥٧ ئەو کاتە مامۆستا باکووری لە کۆیە بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرا، ئەو پسپۆڕییەکەی زمانی ئینگلیزییە، بەڵام وەک دەزانن دەستی هونەریشی هەبوو، ئارەزووی ئەوە بوو تیپێکی مۆسیقا دامەزرێنێ و هەندێک قوتابی فێری مۆسیقا بکات، یەک لەوان من بووم، کە چوومە ناو ئەو کۆمەڵە قوتابییەی بۆ فێربوونی مۆسیقا چووبووینە لای.

**ڕامان:** مامۆستا باکووری بێجگە لەوەی پسپۆڕییەکەی زمانی ئینگلیزی بوو، هەوڵی دا ئەو بەهرەدارانەی بواری گۆرانی و مۆسیقا کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی فێری مۆسیقاتان بکات؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئێمە چەند کەسێک بووین، ئەو وەک چالاکییەکی خۆی، لە حەفتەی دوو ڕۆژ، یان زیاتر، جاری وابوو کەمتر، دوای نیوەڕۆیان دەچووینەوە قوتابخانە، ئەو کاتی بە پەروەردەیان دەگوت مەعاریف، لە مەعاریف بە هەوڵی مامۆستا شەفیق سابیر کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی ئێمە بوو، چەند ئامێرێکی مۆسیقایی لە هەولێرەوە هێنابوو.

**ڕامان:** ناوی تەواوی قوتابخانەکە چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** قوتابخانەی دواناوەندیی کۆیە، ئەو کاتی هەر ئەو سانەوییەیە هەبوو.

**ڕامان:** ئەویش ناوی (سانەوی)، قوتابخانەی دواناوەندیی کۆیە بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، «ناوەندی کۆیسنجق» ناوەکەی ئاوا بوو، ئێستا ئێمە پێی دەڵێین ناوەندی.

**ڕامان:** ئەو ئیشەی مامۆستا باکووری بۆی کردن، بێجگە لە مۆسیقا، لایەنی سروود و گۆرانیش بوو، یان هەر مۆسیقاکەی فێر کردن؟

**(م. بیلال بەهائەددین)ی دەنگخۆش، بەهرەی ئاوازدانانی هەبوو، بەڵام ژەنیارێکی باش نەبوو.**

**زاهیر محەمەد:** ئەو مۆسیقا و ئامێرەکەی فێر دەکردین، زۆر لەگەڵمان هەوڵی دەدا، دوایی گۆرانی فێرکردین و بە هەوڵی مامۆستا باکووری، هەندێک ئاهەنگمان ڕێک خست.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەر لە ناوەندی بووین، جارێک ئاهەنگێکمان سازکرد، دوایی کە تۆزێک پێش کەوتین، لە ئاهەنگەکانی دەرەوەش بەشداریمان دەکرد، دوای ئەوەی کودەتای چواردەی تەممووز هاتە گۆڕێ، ئەو کاتە کرانەوەیەکی زیاتر پەیدا بوو، ئێمەش چالاکیمان زۆرتر بوو.

**ڕامان:** ئەو قوتابییانەی لەگەڵت لەو چالاکییانەدا بەشدار بوون، ناویانت لەبیر ماوە، لەبیرتە ئەوانە کێ و کێ بوون؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو قوتابیانەی لەگەڵم

بەشدار بوون، بەردەوام ژمارەیان زۆر دەبوو، بەڵام هەموو قوتابییەک ناتوانێ لە کاری هونەریدا بەردەوام بێ. ئەوانەی لەو چالاکییانەدا مانەوە، یەکێکیان من و ئەوی دی سەردار ئەحمەد بووین، دوایی قوتابییەکی دیکە ناوی ئەکرەم باقی بوو، کە ئەوە ئێستاکە نەماوە، ئامێری عوودی دەژەنی، ئیبراهیم فەرەجوڵڵاش بوو کە ئەویش ئێستاکە نەماوە، ئەوە کەمانچەی لەگەڵ من دەژەنی. کوڕێکی دی هەبوو تەپڵی لێدەدا، خەڵکی کۆیە نەبوو، ناوی عەونی عەلی بوو، باوکی معاونی پۆلیس بوو، هەر ئەو چەند کەسە بووین، هەندێک قوتابی دیکەش هەبوون، گۆرانی و سروودیان دەگوت، وەک ئەنوەر تاهیر.

**ڕامان:** هێشتا بە باشی فێری ئامێرژەنین نەبووبوون؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، ئەوانەش تەنیا گۆرانییان دەگوت و لەگەڵمان کۆرس بوون، نواندنیشمان هەبوو، چونکە کە ئاهەنگمان دەگێڕا، نواندنیشی تێدا بوو، لە هەموو ئەمانەدا مامۆستا باکووری دەوری سەرەکی دەدی، لەگەڵ ئەو قوتابییانەی کە بەشدارییان دەکرد.

**ڕامان:** پاش نەختێکی دی دێینەوە سەر نواندن، باسی ئەنوەر تاهیرت کرد، لە گۆرانی و سروود و کۆرس، کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** لە کۆرس و سروود و گۆرانی، مامۆستا مستەفا بەکر بوو، کە ئێستا نەماوە، دۆستی نزیکی خۆم بووم، تەها خورشید بەداخەوە نەماوە، ئەکرەم ئەنوەر لەو بەینەدا ئەویش کۆچی دوایی کرد، هەندێکی دیکەش بوون، ناوی ئەوانی دیکە نازانم تا ناویان بێنم.

**ڕامان:** ئەوە ئەو چالاکییانە بوون کە ئێوە دەستتان پێکرد و مامۆستا باکووری سەروکاری کردووە، بیستووتە پێش ئەو چالاکییانە و پێش دروستبوونی ئەو گرووپە، لە کۆیە چالاکی دیکە هەبووبێ، هیچ هەوڵی دیکە هەبووە؟

**زاهیر محەمەد:** نەبووە، من بۆ مێژوو دەیڵێم، پێش هاتنی مامۆستا باکووری، هیچ چالاکییەکی هونەری لە کۆیە نەبوو، بێجگە لەوەی پێشتر باسم کرد، کە لە قوتابخانە سروود و گۆرانیمان هەبوو و ئەو مامۆستا ڕەسووڵ خدرە فێری دەکردین، لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە بە ناوی مۆسیقا و گۆرانی نەبوو، لە پێش ئێمە هیچ نەبوو.

**ڕامان:** پێش ئێوە هیچ هەوڵدانێک نەبووە بۆ ئەوەی گرووپێک کۆ بکرێتەوە و تیپێک دروست بکرێت؟

**زاهیر محەمەد:** نەبوو، ئێمە ئەو کاتی هەر ئامێری مۆسیقاشمان نەدیتبوو، ئەو ئامێرانەی وەک کەمان و عوود کە ئێستا هەن نەبوون، لە ئاهەنگەکاندا هەر شمشاڵ و نای تەختە لێ دەدرا، لەوە زیاتر نەبوو، ئەوەش ئارەزووی شەخسیی خۆمان بوو، بۆ زەوقی خۆمان لە دەشتودەر و لە باغەکانی کۆیە و لە ماڵان لێمان دەدان، بەڵام مامۆستا باکووری کە هات، من بۆ مێژوو دەیڵێم، ئەو هونەری مۆسیقای هێنایە کۆیە.

**ڕامان:** باشە کەسێکی وەک م. بیلال بەهاددین کە ئاوازی داناوە، یەک دوو ئاوازی بۆ مامۆستا تاهیر تۆفیق داناوە و دەیڵێتەوە، یەکێک لەوانە (هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین)، لەولاوە خەریکی ئیشی شێوەکاری و نیگارکێشان بووە، ئەو هونەرمەندە یەکێکە لەوانەی پێش ئێوەیە، ئەوجا هونەرمەندان هەر لە کۆیەوە چوونەتە ئێزگەی کوردی بەغداو لەوێ پەخشی ڕاستەوخۆ هەبووە، مامۆستا باکووری و سێوە و ئەوانی دی چوون گۆرانیان گوتووە، ئاگات لەمانە هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** مامۆستا بیلال بەهاددین،

مامۆستای ئێمە بوو، لە سەرەتایی وانەی ئایینی پێ دەگوتین، ئەویش دەنگی خۆش بوو، بەڵام قەت نەمدیوە بێت و سروود بە ئێمە بڵێتەوە، هەندێک گۆرانی لەسەر بەهار و نەورۆز دانابوو، ئەو کاتە سەلاح-ی برام کە لە من گچکەتر بوو، چەند پۆلێک لە خوار ئێمەوە بوو، سروود و گۆرانییەکانی فێری ئەو دەکرد، ئەو برایەم دەنگی خۆش بوو، فێری دەکرد، ئەویش گۆرانییەکانی مامۆستا بیلال بەهائەددین-ی دەگوت، دواییش کە ئێمە ئەو تیپەمان دانا، ئەویش دەهات و بەشداری لەگەڵ دەکردین، بەڵام ژەنیارێکی باش نەبووە.

**ڕامان:** ژەنیارێکی باش نەبووە، بەڵام بۆ هونەر هانی داون.

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، دەهاتە لامان و گۆرانیشی دەگوت و گۆرانی فێری ئەو قوتابیانەی لای ئێمە دەکرد، کە دەیانویست گۆرانی بڵێن، ئەو بەهرەیەکی زۆر باشی لە ئاوازدانان و گۆرانیگوتندا هەبوو.

**ڕامان:** ئەو بەهرەی ئاوازدانانەی لە کوێ هێنابوو؟

**زاهیر محەمەد:** هەر لە خۆیەوە فێری بووبوو، بەهرەیەکی خۆڕسکی هەبوو.

**ڕامان:** هیچ ئاگات لە هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی کۆیە هەبوو، وەکوو تاهیر تۆفیق، سێوە، کە پێوەندیان بە بەغداوە کرد و گۆرانییان ڕاستەوخۆ دەگوت، خۆت ئاگات لەوانە هەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر ئاگامان لەوانە نەبوو، چونکە تاهیر تۆفیق ئەو کاتی لە کۆیە نەدەژیا.

**ڕامان:** لە کوێ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** لە هەولێریش نەبوو، لە بەغدا بوو، کاتێکی گوتیان لە بەسرا بووە، بەڵام دوایی کە لە بەغدا هەڵکەندرا، هاتە هەولێر، پێش هاتنی بۆ هەولێریش، وابزانم لە ناحیەیەکی هەوراز هەولێر، ماوەی ساڵێک لەوێ کاتب ناحیە بوو، دوایی هاتە هەولێر، واتە لە کۆیە نەبووە، تا ڕۆژانی دوادوای تەمەنی کە لە کۆیە کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە هاتەوە کۆیە، دەنا لە ژیانی هونەریی خۆیدا لە کۆیە نەبووە، بۆیە پێوەندیمان لەگەڵی کەم بوو، لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا دەمبینی.

**ڕامان:** دوای ساڵانی حەفتا، کە تیپی مۆسیقای باواجی-تان دانا، سەردانی دەکردن؟

**زاهیر محەمەد:** دوای حەفتاکان کە بە ڕەسمی تیپی باواجی-مان دامەزراند و ناوبەناو ئاهەنگمان دەگێڕا، ئەویشمان دەعوەت دەکرد، ئەو و فوئاد ئەحمەد و مامۆستا باکووری و تەحسین تەها و ڕەسووڵ گەردی، لە سلێمانی ئیبراهیم خەیات، لە کەرکووک شەوکەت ڕەشید کە خۆی ئەندامی شانازی تیپەکەمان بوو، لەبەر ئەوەی کۆیی نەبوو، ئەوانە لە حەفتاکانەوە دەهاتن و بەشدارییان لەگەڵ دەکردین، بەڵام پێش حەفتاکان ئەو لە کۆیە نەژیاوە، لەگەڵ سێوە یەک دوو جاران لە ماڵان دانیشتووین، بەڵام ئێمە ئەو کاتی ژەنیاری ئەوەندە بەهێز نەبووین، تەنیا بەشداریمان دەکرد، جارێک لە کۆیە لە ئاهەنگێکدا لەگەڵمان بەشداری کرد.

**ڕامان:** ئەوەیان چ بۆنەیەک و ساڵی چەند بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە لە ساڵی ۱۹۵۹ و ئەو دەوروبەرە بوو، هەر لە ساڵی ۱۹۵۸یش، دوای کودەتای چواردەی تەممووز، ئاهەنگێکمان لە ڕانیە بەڕێوە برد، سێوە لەگەڵمان هات، لەو ئاهەنگەدا بەشداری کرد، سێوە گۆرانی دەگوت و ئێمەش ئامێرمان بۆ دەژەنی، بەڵام ژەنینێکی خراپ بوو.

**ڕامان:** هەر ئەو جارە لەگەڵتان هات؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، تەنیا ئەو جارە بوو.

**ڕامان:** لەگەڵ تاهیر تۆفیق ئاهەنگتان نەگێڕاوە؟

**زاهیر محەمەد:** لە حەفتاکان چەند جارێک لەگەڵ تاهیر تۆفیق ئاهەنگمان گێڕاوە، هەرجارێک ئاهەنگمان کردبا، بانگمان دەکرد و دەهات، ئەو و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها لە هەولێرەوە دەهاتن.

**ڕامان:** من بۆخۆشم کۆییم، دەزانم کۆییەکان بەردەوام شوێن پێی چالاکییەکانی یەکتر هەڵدەگرن، بە تایبەتی لە بواری هونەر و ڕۆشنبیریدا، لەو کاتانەی مامۆستایان تاهیر تۆفیق و سێوە، بەتایبەتی ئەو گۆرانیبێژانەی کۆیە کە دەچوونە بەغدا و لە ڕادیۆ گۆرانییان تۆمار دەکردن و پەخش دەکران، ئێوە حەزتان نەدەکرد گوێتان لەو گۆرانیبێژ و دەنگانەی کۆیە بێت؟

**زاهیر محەمەد:** بێگومان زۆر حەزمان دەکرد، ئێمە بەهۆی ئێزگەوە گوێمان لێ ڕادەگرتن، ئەو کاتی هەر تەنیا ئێزگە هەبوو، تەلەڤزیۆن نەبوو، تەلەڤزیۆن لە سەرەتای حەفتاکان پەیدا بوو، ئێمەش هەر لە ئێزگەوە گوێمان لێ دەگرتن.

**ڕامان:** مەبەستم پێش ئەوەی ئەو گرووپە پێک بهێنن.

**زاهیر محەمەد:** ئێمە گوێمان لێ ڕادەگرتن، بەتایبەت لە دەنگی سێوە، یان ئەو گۆرانیبێژانەی تازە پەیدا بووبوون و ناوبانگیان دەرکردبوو.

**ڕامان:** ئەدی لە کۆیە لەسەر شەقام و لە کوچە و کۆڵانان ڕێکەوتی یەکترتان دەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** لەگەڵ کێ؟

**ڕامان:** لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی پێش ئێوە گۆرانییان دەگوت، یەکێک لەوانە سێوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئێمە لە کۆیە بەردەوام سێوەمان دەدی، ئەگەر هەر ئاهەنگێک هەبا، بەیەک دەگەیشتین، هیی دیکەش هەبوون، ئەوانە کە گۆرانیبێژی میللییان پێ دەگوتن، یان نەچووبوونە ئێزگە و نەهاتبوون لەسەر شانۆ گۆرانی بڵێن، لەوانە بۆ نموونە مەلا ئەسعەد، فەقێ ئەحمەد، باقی هەلاق، محەمەدئەمین عەباس، جەلال جۆبار و حەمەبگرەس ئەوانە، هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لە ئاهەنگی بووکهێنان و دانیشتن، لەو شوێنە میللییانە گۆرانییان گوتووە، ئەمانە نەچوونە ئێزگە تا لە ئێزگەوە گوێمان لێیان بێ، بەڵام سێوە گۆرانی لە ئێزگەی کوردی هەبوو، سێوە مەقامەکانی کە لە ئێزگەی کوردی تۆمار کردبوون، بەردەوام پەخش دەکران، گوێمان لێ ڕادەگرتن، سێوە بەناوبانگ بوو، سێوە قوتابخانەیەکی تایبەتە، ئەو هونەرمەندە زۆر گرنگە.

**ڕامان:** ئێوە لە خەڵکی پێش خۆتان، بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە ئێوە هەڵکشاوترە، نەتانبیستووە پێش ئێوە هیچ هەوڵێک بۆ دروستکردنی تیپێک درابێت، کارێک بکرێت و هونەرمەندەکان لە شوێنێکدا کۆ بکرێنەوە؟

**زاهیر محەمەد:** پێش هاتنی مامۆستا باکووری، مۆسیقا لە کۆیە نەبوو، تەنیا ئەو جۆرە شتانە باوبوو، گۆرانیبێژ هەبووە لە ماڵان گۆرانی دەگوت، بەتایبەت لە ماڵە ئاغاکان کە دۆستیان بوون، ئەوانە لە دیوەخانەکان گۆرانییان گوتووە، بەڵام ئەوە زەمانی ئێمە نەبوو.

**ڕامان:** ئەی کاریگەری دیوەخانی ئەختەر کە کاتی خۆی گۆرانی و مەقاماتی تێدا گوتراوە، لەسەر هونەری کۆیە چ بووە؟

**زاهیر محەمەد:** درێژەی ئەو کاریگەرییە هەر هەبووە و بەسەر کۆیەوە دیاربووە، بە تایبەتی کە بە ساڵاچووەکان باسیان دەکرد، بەڵام

ئەوە زەمانی ئێمە نەبووە، باس دەکرا ئەختەر دیوەخانی هەبووە، خەڵک لەوێ کۆبوونەتەوە، کەسانی ئەدیب و ڕۆشنبیر و گۆرانیبێژی ئەو سەردەمە لە دیوەخانەکەی دانیشتوون، تەنانەت دەمانبیست لە دەرەوەی کۆیەش خەڵکی هونەرمەند هاتوون، سەردانی ئەو دیوەخانەیەیان کردووە و گۆرانییان گوتووە، بگرە ئامێری مۆسیقاشیان لە مووسڵ و ڕۆژهەڵات هێناوە، ئەوە زۆر پێش ئێمە بووە، یەک لەوانەی باسیان دەکرد، دەیانگوت عەبدولئەحەد جەرجیس مووسڵاوی بەخۆی و بە ئامێری قانوونەکەیەوە هاتووەتە کۆیە و لە کۆیە ئاهەنگی کردووە. سێوە لەگەڵی دانیشتووە و مۆسیقای بۆی لێ داوە، ئەوانەمان بە بیستن بیستووە، بەڵام وەک بینین، ئەوە زەمانی ئێمە نەبووە.

**ڕامان:** ئێمەش لێرە دەمانەوێ، ئەوەی ئێوە بیستووتانە بۆ مێژوو تۆماری بکەین، چونکە ئەوەی بیستووتانە گرنگە، هیچ هەوڵێکی هونەری و ئەدەبی لە ڕابوردووی خۆی و لەو مێژووە دانابڕێ.

**زاهیر محەمەد:** ڕاستە، ئەختەر ئینسانێکی زۆر شارەزا، ئەدیب و شاعیرێکی گەورە بووە، دیارە دیوەخانەکەشی زۆر سەرنجڕاکێش بووە و خەڵکی لە خۆی کۆ کردووەتەوە، گۆرانییان گوتووە، تەنانەت خۆی ئاوازدانەریش بووە، ئاوازی چەند گۆرانییەکی تا ئێستاکەش ماون، یەک لەو گۆرانییانە (شلە و خانان)، کە من لە تیپی باواجی زیندووم کردەوە و تۆزێک پەرەشم پێ دا، کە گۆرانییەکی زۆر خۆشە، من سەلماندم شیعرەکە و ئاوازەکەشی هیی ئەختەر خۆیەتی.

**ڕامان:** دەستت خۆش بێت، من لە کاتی خۆی ساڵی ١٩٧٦، لە کتێبەکەمدا (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) ئاماژەم پێ کرد. لە سلێمانی پیاوێکی کۆیی هەبوو، ناوی عەبدولواحید مەجید بوو، ئەمە بە بنەچە کۆیییە، ماوەیەک چووەتە ئیستەنبوڵ و لەوێ لە بواری سەربازیدا خوێندوویەتی، ئەوجا گەڕاوەتەوە سلێمانی، تا کۆتایی ژیانی لە سلێمانی ژیاوە، ئەوەم زۆر لەلا گرنگە پیاوێک لەو کات و سەردەمەدا چووبێ ئامێری مۆسیقا بهێنێ، ئەو کاتە لەجیاتی تیپی پێ بڵێن، پێیان گوتووە باندی مۆسیقا، ئەو هاتووە لەو زەمانە باندی مۆسیقای دروست کردووە، ئەو پیاوە چووەتە تورکیا و هەندێک ئامێری مۆسیقای کڕیوە و هێناویەتییەوە، تۆ هیچ ئاگاداری ئەو هەوڵانە بووی؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە هەر بە بیستنە، ئێمە بیستوومانە، بەڵام نەماندیوە ئەو پیاوە هاتبێتە کۆیە، یان لە جێیەکی دی هونەری پێشکەش کردبێ.

**ڕامان:** بە نووسینیش وتار لە بارەی عەبدولواحید مەجید هەیە.. وەک دەگێڕنەوە ئەو کەسێکی سەربازی بووە، ئەوەی دەیڵێی کە هەر بە بیستن ناویمان بیستووە، بەڵام لە سەرەتاکانی مێژووی هونەری کوردی دەبێ باس بکرێت، چونکە گرنگە کەسێک ئەو کاتە بیری لەوە کردبێتەوە لە وڵاتێکی دی ئامێر بهێنێ و خەڵک بۆ هونەر کۆ بکاتەوە و فێریان بکات، ئەوە بەلامەوە لە گرنگ گرنگترە.

**زاهیر محەمەد:** ئەو عەبدولواحید مەجیدە، باوکی ساجید و جەمال عەبدولواحید، ئەوانە مامۆستا بوون، م. جەمال تەمەنی درێژ بێ، ئێستا ماوە، لە کۆیە لەگەڵ من مامۆستا بوو، م. ساجیدیش، ئەوە چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە، برایەکی دیکەشیان بە ناوی ئەکرەم هەبوو، ئێستا ماوە و لە کۆیەیە، نازانم لەوێ ماوە، یان نا، ئەو عەبدولواحید

مەجیدەم نەدیوە، دەڵێن کەسێکی سەربازی بووە، لە سپای ئەو کاتی ئەستەنبوڵ بووە، کە خانەنشین بووە، هاتووەتەوە و چووە لە سلێمانی نیشتەجێ بووە، حەزی لە مۆسیقا، بە تایبەتی مۆسیقای سەربازی بووە.

**ڕامان:** بیستووتە ئامێری مۆسیقای ژەنیبێ؟

**زاهیر محەمەد:** دەڵێن هەندێک ئامێری مۆسیقای سەربازی زانیوە، من بۆ خۆم نەمدیوە، بەڵام جارێکیان (ئەکرەم)ی کوڕی کتێبێکی مۆسیقای بۆ هێنام، ماوەیەک لە لام مایەوە و سوودیشم لێ وەرگرت، دوایی بۆم ناردەوە، دەڵێن لە سلێمانی ئامێری مۆسیقای هێناوە و خەڵکی فێر کردووە، من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم.

**ڕامان:** ئەو کتێبەی کوڕەکەی بۆی هێنای، ناوەڕۆکەکەی چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** کتێبێک بوو لە بارەی مۆسیقا و نۆتەی مۆسیقاوە بوو.

**ڕامان:** ئەو کتێبە هیی باوکی بووە و بۆی ماوەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هیی باوکی بوو، ماوەیەکیش لەلام مایەوە و تەماشای نۆتەکانم دەکرد.

**ڕامان:** ئەوەش گرنگە، کەسێک لە ساڵانی سییەکان و چلەکان خەم و پەرۆشییەکی هەبێ، کتێبی نۆتەی پەیدا کردبێ و هەیبووبێ، دیارە زانیویەتی نۆتەش بخوێنێتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، نۆتەی مۆسیقا بوو، کتێبەکە چاپکراو بوو، ئەو کتێبە بە زمانی ئەڵمانی بوو، لە ئەڵمانیا چاپ کرابوو، دوایی بۆم گەڕاندەوە، ئەو کوڕەی دەیگوت زۆر کتێبی نۆتەی دیکەی هەبووە.

**ڕامان:** هەموو کتێبەکان نۆتە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** هەمووی نۆتە بوون، نووسین و لێکۆڵینەوە نەبوون، هەر نۆتەی مۆسیقای سەربازی بوون.

**ڕامان:** ئەو کوڕە و کوڕەکانی دیکەی هیچیان لەسەر باوکیان لەلای تۆ نەدەگوت، باسی گرنگی باوکیانت بۆ بکەن، قسەیان لەسەر باوکیان نەدەکرد؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، لەوانەیە مامۆستا ئەکرەم زانیاری زیاتری هەبێت، ئەگەر بتوانن ببینن، ئێستا لە کۆیەیە و لە دادگە دەوام دەکات.

**ڕامان:** بێینەوە لای باوکت، ئەوە باوکت وەک کەسێکی کراوە، کە یەکەم جار تۆی بینی وەک کوڕی ئەو ماڵە و یەکەم کەس ڕووت کردووەتە بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی، هەڵوێستی بەرانبەر بەوە چۆن بوو، پێی خۆش بوو، یان ناڕەزایەتی دەربڕی؟

**زاهیر محەمەد:** باوکم پێی ناخۆش نەبوو، بەپێچەوانەوە زۆر پشتگیریشی دەکردم، ئاخر ئێمە ماڵمان لە مزگەوت زۆر نزیک بوو، جاری وا هەبوو کە ڕاهێنانم دەکرد دەنگ دەڕۆیشت، دەنگەکە دەگەیشتە مزگەوت، گوێیان لێ ڕادەگرت، ئەوانەی کە لەگەڵ باوکم دادەنیشتن، ئەوەیان لەلا خۆش بوو، جاری وا هەبوو پێیان دەگوت ئەو دەنگە لە ماڵی ئێوەوە دێ، دەیگوت ئەوە مۆسیقایە، دەنگێکی خۆش و باشە، قەت وەک خەڵکێکی توند و دەمارگیر و وشک نەبوو، ئەوەی پێی ناخۆش بێ، بەپێچەوانەوە زۆری پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** ئەوەی باسی دەکەی هەر ساڵانی پەنجاکان بووە، پێم وایە کۆتایی پەنجاکان بووە؟

**زاهیر محەمەد:** کۆتایی پەنجاکان بوو، من کە لە ساڵی ١٩٥٩، ناوەندیی کۆیەم تەواو

کرد، بۆ خوێندنی مۆسیقا چوومە بەغدا.

**ڕامان:** دوایی دەچینە سەر باسی ئەو قۆناغە.. لەو کاتەی کە مۆسیقاکەت لێ دەدا و دەنگ دەگەیشتە لای باوکت و هاوڕێکانی، دەنگی لێدانی نای و شمشاڵ، یان ژەنینی کەمانچەکەت بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو کاتە کەمانچەم لێدەدا، ڕاهێنانم لەسەر کەمان دەکرد.

**ڕامان:** تۆ چەند ئامێر دەزانی؟

**زاهیر محەمەد:** من بە ژەنین تەنیا عود و کەمان دەزانم، پسپۆڕییەکەم کەمانچەی ڕۆژئاواییە.

**ڕامان:** زیاتر لە ژەنینی کەمانەکە، یان لە عودەکە باشی؟

**زاهیر محەمەد:** لەمێژە ناتوانم کەمان لێدەم، لەبەر ئەوەی پشتم ئازاری هەیە، ناتوانم ڕاوەستم، وازم لە کەمان هێناوە، ئێستا زیاتر عود لێ دەدەم.

**ڕامان:** هەست دەکەی لە عودژەنین باشی؟

**زاهیر محەمەد:** باشم، خراپ نیم، بەڕەی خۆم لە ئاوێ دەردێنم، هەر ئەوەندەیە.

**ڕامان:** بەڵام ئێمە زیاترمان لێت چاوەڕێ دەکرد.

**زاهیر محەمەد:** ئاخر من ئێستا لە هیچ تیپێک ئیش ناکەم، چونکە خەریکی ئاوازدانان و ئەو جۆرە کارانەم، سەرپەرشتی تیپ دەکەم، بەڵام لەناو تیپ هیچ ئامێرێک ناژەنم.

**ڕامان:** ئێستا پێم بڵێ، لەناو خانەوادەکەی خۆتان کە تۆ وەک یەکەم کەس ڕووت کردە دنیای هونەر و سروود و گۆرانی، کاریگەریت لەسەر براکانت، لەسەر خوشکەکانت چ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانیش دوای من، خەریکی هونەر بوون.

**ڕامان:** ئەوە بە کاریگەری تۆ بوو؟

**زاهیر محەمەد:** دەبێ کاریگەری منیان لەسەر هەبووبێ، ئیتر ئەوانیش هاتنە ناو کۆڕی هونەرەوە، بەتایبەتی مەلا سەڵاح -ی برام، سەعدوڵڵای براشم کە ئێستا لە هەولێرە، ئەویش ئۆکۆردیۆنی دەژەنی، مەلا حەسەن-یش گۆرانی دەگوت و ئۆکۆردیۆنی لێ دەدا، ئێستا لە کۆیە دەژی.

**ڕامان:** ئەو برایەت بە پێی پێویست دەرنەکەوتووە و مافی خۆی نەدراوەتێ؟

**زاهیر محەمەد:** زۆر دەرنەکەوتووە، بەڵام لە قوتابخانە وانەی سروودی دەگوتەوە.

**ڕامان:** هیچ ڕێکەوتووە ڕێنمایی ئەو برایانەت بکەی و پێیان بڵێی ئەوها بکەن، ئەوها و ئەوها مەکەن؟

**زاهیر محەمەد:** کە لە حەفتاکان تیپی باواجی -مان دامەزراند، لە تیپی باواجی لەگەڵم بوون.

**ڕامان:** هەردووکیان لە تیپی باواجی لەگەڵت بوون، یان تەنیا یەکێکیان بوو؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، هەردووکیان سەڵاح و سەعدوڵڵا لە تیپ ئامادە دەبوون و ئەندام بوون، تا ئێستاش لە تیپی باواجی ئەندامن.

**ڕامان:** هەست دەکەی کاریگەرییەکەی تۆیان لەسەر زۆر، یان کەم بووە؟

**زاهیر محەمەد:** تا ڕادەیەک کاریگەری هەیە، بەڵام زۆر نا.

**ڕامان:** ڕەنگە ناڕاستەوخۆ کاریگەریت هەبووبێ؟

**زاهیر محەمەد:** کاریگەرییەکە هەر لەناو تیپ بووە.

**ڕامان:** پێم خۆشە ئەوەی بە بیستن، لەم و لەوت بیستووە، بەتایبەتی لە بەتەمەن و پیرەکان، یان بۆخۆت هەوڵت دابێ، چونکە ئینسان کە دەست دەداتە کارێک، حەز دەکات مێژووی ئەو کارە بزانێ، ئێمەش لەسەر شاری

کۆیە وەستاوین، کاتی خۆی هەوڵێک هەبووە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، یان ناوێکی لەوە نزیک لە کۆیە دابمەزرێت، م. بیلال بەهاددین، ئەحمەد دڵزار، کەریم شارەزا، باکووری، ئەوانە هەر یەکەیان بەرپرسی بەشێک بوون، بۆ نموونە بەشی ئەدەبیات و شیعر، دڵزار و کەریم شارەزا بەڕێوەیان بردووە، بەشی گۆرانی و مۆسیقا مامۆستایان باکووری و بیلال بەهاددین، بەشی مێژوو تایەر ئەحمەد حەوێزی بوون، دەڵێن بەشی کەلەپوور و فۆلکلۆریشی تێدا بووە کە عەبدولواحید حەمەسدیق خەریکی بووە، کە چووە داستان و بەیتی کوردی و ئەفسانە و فولکلۆری دەڤەری کۆیە و دیوەخانەکانی کۆ کردووەتەوە، تۆ هیچت لەسەر ئەوە بیستووە؟

**زاهیر محەمەد:** لە کاتی دامەزراندنی ئەو تیپەی قوتابخانەکەمان، ئەوەی مامۆستا باکووری، هەر لەو ساڵە ١٩٥٧، کۆمەڵێک مامۆستا و ڕۆشنبیری کۆیە هەوڵیان دا و کۆمەڵەیەکیان دامەزراند و مۆڵەتیشیان لە حکوومەت بۆی وەرگرت، ئەو کاتی سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆی عێراق بوو، مۆڵەتەکەیان بە ناوی کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەر و وێژەی کوردی وەرگرت.

**ڕامان:** نازانی ئەو کۆمەڵەیە چەند ساڵ بەردەوام بوو؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە ماوەیەکی زۆر کەم بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی لە ساڵەکانی شەستەکان، ١٩٦١ و دواتر نزیک بووینەوە، شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، بارودۆخێکی نوێ هاتە پێشێ، مامۆستا باکووری-ش لە کۆیە نەما، ئەو کۆمەڵەیەش هەڵوەشایەوە، ئەوانەی لەبیرم بن کە دایانمەزراند مامۆستا باکووری سەرۆکیان بوو، کەریم شارەزا و عەبدولڕەحمان هەناری، خالید سەعیدی تێدا ئەندام بوون، کە ئەوەیان دەورێکی زۆر چاکیشی تێدا هەبوو.

**ڕامان:** کێی دیکە بوون؟

**زاهیر محەمەد:** م. کەمال سادق، م. بیلال بەهاددین پێیان دەگوت م. بیلال بەهائەددین، پیاوێکی زۆر کراوە و دەنگخۆش بوو، حەزی لە هونەر و گۆرانی بوو، هەروەها جەلال حەمەد هەبوو.

**ڕامان:** نیگارکێشەکەی بەرانبەر ئۆرزدی هەولێرت مەبەستە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، ئەو کۆمەڵە کەسەی تێدا بوو.

**ڕامان:** وەک بزانی ئەوە چەندی خایاند؟

**زاهیر محەمەد:** ماوەیەکی زۆر کەمی خایاند.

**ڕامان:** ئەوەندەی من بەدواداچوونم بۆ کردووە، نزیکەی لە ساڵ و نیوێک زیاتری خایاندووە؟

**زاهیر محەمەد:** هەر ئەوەندە بوو، جەمال کەریم حەمە مەلاشی تێدا بوو، ئەو گۆرانیشی دەگوت و حەزی دەکرد فێری مۆسیقاش بێ، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێ.

**ڕامان:** لەو سەرەتایانەی باست کردن، م. وریا ئەحمەدی تێدا بوو؟

**زاهیر محەمەد:** نەخێر، ئەو کاتە م. وریا ئەحمەد وەختە بڵێم منداڵ بوو.

**ڕامان:** هونەری ئاواز لە کۆیە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، کە گوێ لەو ئاواز و مێلۆدییانەی کۆیە دەگری، بە زەقی هەستی پێ دەکەی و زۆر بە ئاشکرا دیارن کە هی شاری کۆیەن، ئەو تایبەتمەندییە لە چییەوە هاتووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەو تایبەتمەندییە شتێکی زۆر دیارە، لە هەر جێگەیەکی گوێت لە گۆرانی کۆیە بێ، یەکسەر دەزانی ئەوە هی کۆیەیە.

**ڕامان:** ئەوجا من دەمەوێ بزانم ئەو تایبەتمەندییە

له چییه‌وه هاتووه، ئایا تۆ له‌وه‌ت کۆڵیوه‌ته‌وه، ئه‌مه له چییه‌وه هاتووه؟

**زاهیر محه‌مه‌د:** ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه هیی ئه‌وه‌یه، کۆیه وا هه‌ڵکه‌وتووه، ده‌نگخۆش و گۆرانیبێژه‌کانی مۆرکێکی تایبه‌تییان هه‌بووه، ئه‌و ڕۆژگاره کۆیه کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی داخراو بووه، پێش ئێمه، یان زه‌مانی کۆن کۆیه ڕێگه‌وبانی زۆر که‌م بووه، ڕێگه‌ی ئۆتۆمبێلی هه‌ر نه‌بووه، زیاتر ڕێگه‌ی قافڵه و کاروان هه‌بووه.

**ڕامان:** ئاخر منیش هه‌ر مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه، ڕاسته ڕێگه‌ی ئۆتۆمبێل و ڕێگه‌وبان زۆر باش نه‌بووه، به‌ڵام له ڕێی ئه‌و قه‌تارچی و کاروانانه‌وه هاتن و چوون له‌گه‌ڵ کوردانی ڕۆژهه‌ڵات و شاره‌کانی دیکه‌ی کوردستان و عێراق زۆر بووه، له‌وێوه هاتوونه‌ته ئه‌و دیوه‌خانانه‌ی کۆیه و هونه‌ری شاره‌کانیان له‌گه‌ڵ خۆیان هێناوه.

**زاهیر محه‌مه‌د:** هه‌ر ئه‌وه بووه، که له‌گه‌ڵ ئێران به ڕێگه‌ی پشده‌ره‌وه پێوه‌ندییان هه‌بووه، له‌وانه‌یه کاریگه‌ری ئه‌وانیش له‌سه‌ر کۆیه هه‌بووبێ و هیی کۆیه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وان هه‌بووبێ، ئه‌و تێکه‌ڵاوییه که‌مه هه‌بووه، وه‌ک گوتم هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ش بووه.

**ڕامان:** دوایی ئه‌و خانانه‌ی که له کۆیه هه‌بوون و تا ئه‌مڕۆ شوێنه‌واری هه‌ندێکیان ماون، ئه‌و خانانه وه‌ک ئوتێلی ئه‌مڕۆ وابوون، جێی مانه‌وه‌ی خۆیان و به‌ستنه‌وه و ڕاگرتنی وڵاغه‌کانیان هه‌ر له‌وێ بووه، ئه‌وجا که ماونه‌ته‌وه، ئه‌وه مانای ئه‌وه‌یه کۆیه سه‌ره‌ڕێی ئه‌و هاتوچوونه بووه.

**زاهیر محه‌مه‌د:** به وڵاغ هاتوون و چوونه‌ته‌وه، هه‌ر ئه‌وه بووه، له‌و هاتن و چوونه‌یان به وڵاغ زیاتریان نه‌بووه.

**ڕامان:** نهێنییه‌ک له‌وه‌دا هه‌یه که گۆرانی و مێلۆدی کۆیه زۆر تایبه‌ت و جیاوازه و له هیی سلێمانی و هه‌ولێر و گه‌رمیان، شوێنه‌کانی دی ناچێ، تۆ وه‌ک موزیکژه‌نێک که ئیشت له‌ناو ئاوازی کوردیدا کردووه، نهێنییه‌که‌ت به‌ده‌ست نه‌که‌وتووه؟

**زاهیر محه‌مه‌د:** نهێنییه‌که‌ی هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه، ئه‌و ژینگه‌یه‌ی کۆیه ئه‌وه‌ی سه‌پاندووه، ئه‌و مۆرکه هونه‌رییه‌ی که له کۆیه هه‌بووه، له هیچ جێگه‌یه‌کی دی نییه، ته‌نانه‌ت ته‌ماشای لایه‌نی مه‌قامات بکه‌ی، مه‌قامه‌کانی سێوه تایبه‌تمه‌ندییه‌کی ئه‌وه‌نده جیاوازی تێدایه، له جێگه‌ی دیکه وێنه‌ی نییه، هه‌رچه‌نده مامۆستا باکووری ده‌ڵێ ئه‌و سوودی له که‌نیسه وه‌رگرتووه، ئه‌مه ڕاسته و له‌وانه‌یه وا بێ، چونکه ئه‌و له که‌نیسه شه‌ماسه بوو، ڕه‌نگه ئه‌وه‌ش کاریگه‌رییه‌کی لاوه‌کی له‌سه‌ر پێگه‌یاندنی به‌هره‌ی هونه‌ریی ئه‌ودا هه‌بووبێ.

**ڕامان:** ده‌بێ ژینگه‌ی گشتی کۆیه کاریگه‌ری خۆی هه‌بووبێ، به‌ڵام تۆش نه‌تویستووه له ڕه‌سه‌نایه‌تیی هونه‌ره‌که‌ت دوور بکه‌ویته‌وه؟

**زاهیر محه‌مه‌د:** به‌ڵێ، له‌وانه‌یه ئه‌و ژینگه‌یه هۆکارێک بێ، ئه‌و مۆرکه ڕه‌سه‌نه تا ئێستاش پارێزراوه و ماوه.

**ڕامان:** ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یه‌ی پێشتر باسمان کرد، تۆی تێدا نه‌بووی؟

**زاهیر محه‌مه‌د:** نا، نه‌خێر، ئه‌و کاته ئێمه قوتابی بووین.

**ڕامان:** له‌و کاتانه‌دا هیچ چالاکییه‌کت به چاوی خۆت دیتووه که بۆی چووبی؟

**زاهیر محه‌مه‌د:** به‌ڵێ، ئه‌و کۆمه‌ڵه‌یه له کۆیه ئاهه‌نگێکیان کرد، ئێمه وه‌ک تیپی قوتابخانه به سه‌رپه‌رشتی مامۆستا باکووری به‌شداریمان تێدا کرد، ئاهه‌نگێکی دیکه‌شیان له‌پاش

چـواردەی تەممـووز لـە ڕانیـە سـاز دا، ئێمــەش وەک تیپـی مۆسـیقا چوویـن، ئـەو کاتـی ئێمـە ئەنـدام نەبوویـن، چونکـە تەمەنمـان ڕێـی نـەدەدا، لـە هەمـان کاتیشـدا قوتابـی بوویـن.

**ڕامـان:** بـەڵام وەک چـوون و گوێگرتـن بۆتـان هەبـووە بچـن؟

**زاهیر محەمـەد:** بەڵـێ، لەگەڵیـان بەشدار دەبووین، چالاکیی مۆسـیقاکە ئێمـە بەڕێوەمـان دەبـرد، ئـەوان لایەنـە ئەدەبییەکـە و نواندنیـان جێبەجـێ دەکـرد، ئێمـە بـە مۆسـیقا و گۆرانییەکـە لەگەڵیـان بەشـدار بوویـن.

**ڕامـان:** وەک بزانی لایەنـی تەمسـیلییەکە کـێ و کـێ بـوون؟

**زاهیـر محەمــەد:** تەمسـیلییەکەش مامۆسـتا باکـووری سـەرۆکایەتی دەکـرد، ئەوانـی دیکـە ئەندامــەکان بــوون.

**ڕامـان:** باسـی ئـەوەم بـۆ بکە، مامۆسـتا باکووری کـە تەمسیلیشـی کـردووە، نـاوی تەمسـیلییەکان چـی بـوون؟

**زاهیر محەمـەد:** بەڵـێ، بەشـداری لـە دوو سـێ تەمسـیلی کـردووە.

**ڕامان:** وابزانم یەکێکیان هیی شکسپیر بوو.

**زاهیر محەمـەد:** یەکێکیـان «طبیب رغم انفه» بـوو، ئـەو کردبوویـە کـوردی، بـە شـێوازی خـۆی وەری گێڕابـوو، هەندێک قوتابیشـی لەگـەڵ خـۆی فێـر کردبـوو، یەکێـک لەوانـە خورشـید مسـتەفا بـوو، کوڕێکـی دیکـە نـاوی جەبـار گۆرگیـس بـوو، کـە ئێسـتا لـە ئەمریکایـە.

**ڕامان:** ئەو تەمسیلیانە بە کوردی بوون؟

**زاهیر محەمـەد:** بەڵـێ، هـەر بۆخـۆی کردبوونـی بـە کـوردی، ئەوانـەی دیکەشـی فێـر کردبـوو.

**ڕامان:** هەر بۆ خۆشی دەری هێنابوون؟

**زاهیــر محەمــەد:** بەڵــێ، هــەر خۆشــی دەری هێنابـوون، هەمـوو شـتەکان زیاتـر خـۆی دەیکردن، دەوری سەرەکیشـی خـۆی وەری دەگـرت، ئەوانـی دیکـەش دەورەکانـی دیکەیـان وەردەگـرت.

**ڕامـان:** ئـەوە یەکێکیـان «طبیب رغـم انفه»یـە، ئەوانـی دیکـە ناویـان چـی بـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئەوانـی دیکـە یەکێکیـان «قەرەقـووش» بـوو، هیـی دیکەشـی کـرد، بـەڵام لـە بیـرم نەمـاون.

**ڕامـان:** یەکـەم جـار کـە شـانۆت ناسـیبێ و دیتبـێ، ئەوانـەی م. باکووری بوون، یان پێشـتر تەمسـیل و شـانۆگەری دیکـەت دیـوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** پێشـتر لـە کاتـی خـۆی، مەبەسـتم لـە زەمانـی مەلیـک، کاتێـک هەنـدێ کرانـەوە هەبـوو، نازانـم بـە چ بۆنەیـەک بـوو، وابزانـم هەڵبـژاردن و شـتی وا بـوو، سـەردەمی نووری سـەعید بـوو، لـە هەندێک لـە چایخانەکان، بەتایبـەت گازینـۆ هاوینییـەکان تەمسـیل و شـتی وایـان دەکـرد، مـن بـۆ ئەوانـە دەچـووم، ئـەو کاتی مـن زۆر گـەورە نەبـووم، منداڵێکـی بچـووک بـووم.

**ڕامـان:** لـە بیـرت مـاوە ئـەو تەمسـلیانە ناویـان چ بـوو، کـێ بـوون ئەوانـەی ئـەو تەمسـیلیانەیان دەکـرد؟

**زاهیر محەمـەد:** بەڵـێ، ئەوانـەی ئـەو کارانەیـان دەکـرد، دەیانناسـم.

**ڕامان:** پێم خۆشە ساڵەکە و ناویان بڵێی.

**زاهیر محەمەد:** سـەعیدی مەلا ئەحمـەد، چایخانەیەکی بەرانبـەر بـە سـەرا هەبوو.

**ڕامان:** چایخانەکە ناوی چ بوو؟

**زاهیر محەمـەد:** هـەر چایخانـەی سـەعیدی مـەلا ئەحمەدیـان پـێ دەگـوت، لـەوێ تەمسـیلیان دەکرد، هەروەهـا چایخانەکـەی حەمـە گەمحـان، لەسـەر تەمتەمـان لەوێـش تەمسـیلیان دەکـرد، بـەڵام ئـەوەی چایخانەکـەی سـەعیدی مـەلا ئەحمـەدم

لـە بیـرە، کـە لـەوێ تەمسـیل دەکـرا، ئەوانـەی بەشدارییان تێدا کرد ئیسماعیلی حەمەقاوەچی و جەمـال کەریـم و واحیـد حەمکول بـوون.

**ڕامان:** ئەوانەش بە زمانی کوردی بوون؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، بـە زمانـی بـە کـوردی دەیانکـردن.

**ڕامـان:** ئـەوە زۆر گرنگـە، ئـەی شـانۆگەرییەکە نـاوی چ بـوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** نـاوی ئـەو شـانۆگەرییانەم لەبیر نەمـاوە، لەسـەر بارودۆخـی ئـەو کاتـە بوون.

**ڕامـان:** لەسـەر بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی، یـان سیاسـی بـوون؟

**زاهیـر محەمـەد:** لەسـەر دیـاردەی کۆمەڵایەتـی بـوو، لـە بـارەی نووشـتەچی و ئـەو جۆرە شـتانەوە بـوو، زیاتـر شـانۆگەرییەکی ڕەخنەیـی بـوو.

**ڕامـان:** ڕەخنەگرتـن لـە دواکەوتووییەکانی کۆمەڵـی کـوردەواری بووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** ڕەخنەگرتـن بـوون لـە چەنـد دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتـی و ئـەو جـۆرە شـتانە.

**ڕامـان:** تـۆ وەک کەسـێک کـە ئـارەزووی هونـەرت کـردووە و هاتوویتـە نـاو ئـەو بـوارەوە، هیـچ هەوڵـت نـەدا ئـەو پیرەمێردانـەی کـە لـە کۆنـدا دەنگیـان خـۆش بـووە، یـان حەزیـان لـە مقامـات و گۆرانـی بـووە، بچـی لەگەڵیـان دابنیشـی و هونەرەکەیـان لـێ وەرگـری و دەنگیـان تۆمـار بکـەی، وەک هەنـدێ کەسـی دی کردوویانـە؟

**زاهیـر محەمـەد:** مـن لەگـەڵ هەندێـک کـەس دانیشـتووم، گفتوگۆشـمان کـردووە و گۆرانیشـیان بـۆ گوتـووم.

**ڕامان:** دەنگی ئەوانت تۆمار کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** دەنگیانم تۆمار کردووە.

**ڕامان:** ئەو دەنگە هیی کێ بوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** لەگـەڵ باقـی هـەلاق دانیشـتووین و گۆرانیمـان گوتـووە، باقـی مـام سـاقی، ئامێریشـم بـۆ لێـداوە، هەروەهـا لەگـەڵ حەمەدمیـن کەبابچـی، کـە حەمەدەمینـە گۆجەیـان پـێ دەگـوت، تەنانـەت جارێکیـان لەگەڵیشـمان هاتـە هەرمۆتـە، ئاهەنگێکـی خۆیـی و برادەرایەتـی بـوو، جارێکیـش لـە چنارۆکـێ گۆرانـی گوتـووە.

**ڕامـان:** ئـەدی حەمەدەمیـن عەبـاس و ئەوانـی دی؟

**زاهیـر محەمـەد:** حەمەدەمیـن عەبـاس لەگەڵـی دانیشـتووم، ئـەو کاتـی چایخانـەی هەبـوو، کـە گۆرانـی گوتـووە، گوێـم لـێ گرتـووە، ئەوەمـان هەبـووە، بـەڵام لەگـەڵ فەقـێ ئەحمـەدە کـۆرە کاسێتێکیشـم بـۆ تۆمـار کـرد، مـن عـودم بـۆ دەژەنـی، ئێسـتاش ئـەو کاسـێتەم مـاوە.

**ڕامان:** دەنگیت لە ماڵان تۆمار کرد؟

**زاهیـر محەمـەد:** قسەشـم لەگـەڵ کـرد، بـۆ ئێزگـەی کـوردی تۆمـارم کـرد، لەبـەر ئـەوەی لـە ئێزگـەی کـوردی بەرنامەیەکـم هەبـوو، بۆیـە بـۆ ئەوێـم تۆمـار کـرد.

**ڕامان:** لە کوێ تۆمارت کرد؟

**زاهیـر محەمـەد:** لـە ماڵـی خۆیـان، کـە لـە بـن دایـرەی بەریـدی کـۆن بـوو.

**ڕامـان:** شـوێنی تۆمارکردنەکـە لەبـار بـوو، دەنگەکـەی سـەدای نەبـوو، تۆمارەکە باش دەرچوو؟

**زاهیـر محەمـەد:** زۆر لەبـار و بـاش بـوو، ئـەو کاتـە تـازە تۆمارکـەری کاسـێتی گچکـە پەیـدا بووبـوو، چـووم قسـەم لەگەڵ کـرد و ماوەیەکی زۆر لەبـارەی ژیانـی خـۆی قسـەی کـرد، دوایـی یـەک دوو گۆرانیـم بـۆ تۆمـار کـرد، منیـش ئامێـرم بـۆ دەژەنـی، ئـەوە بـوو بـۆ ئێزگـەی کوردیمـان نـارد و لـەوێ بـڵاو کرایـەوە، لـە بەشـێکی کاسـێتەکە چاوپێکەوتنێکـم لەگـەڵ سـامی عـەوداڵ کـردووە کـە لـە دوکانەکـەی خـۆی قسـەمان کـرد.

**ڕامان:** هەر خۆت قسەت لەگەڵ کردووە؟

**زاهیر محەمەد:** بەڵێ، بۆخۆم قسەم لەگەڵ کردووە، هەر لە هەمان کاسێتدا لەگەڵ (ڕۆستەم حەوێزی)ی شاعیریش لە ماڵی خۆیان شیعری خوێندەوە و پرسیارم لێ کرد و تۆمارم کرد، وەک ئێستا چۆن من و تۆ دانیشتووین و قسە دەکەین.

**ڕامان:** بۆچی ئەو قسانە ناخەیتە سەر کاغەز و بڵاویان ناکەیتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەم نووسیوەتەوە و بڵاویشم کردوونەتەوە.

**ڕامان:** هەموو قسەکانت وەک خۆی نووسیوەتەوە؟

**زاهیر محەمەد:** وەک خۆی نا، دامە چەلەنگی کوڕی ڕۆستەم حەوێزی، ئێستا ئەو دانەیەکی لەو دەنگە تۆمار کراوە لەلا هەیە.

**ڕامان:** بۆچی لەسەر ئەو ڕێچکەیەی خۆت بەردەوام نەبووی و ئەوەت بۆ زۆر کەسی دیکەی کۆیە نەکرد، لە کاتێکدا کۆیە پڕە لەو جۆرە پیرەمێرد و شارەزایانە؟

**زاهیر محەمەد:** چەند بەرنامەیەکم تۆمار کرد، جارێکیان چوومە نەخۆشخانە لەگەڵ مەلا فەتحوڵڵا کە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە کەوتبوو.

**ڕامان:** مەلا فەتحوڵلا کێ؟

**زاهیر محەمەد:** مەلا فەتحووڵلای باوکی مەلا فاروق و ئەوان.

**ڕامان:** باوکی خۆی ناوی چییە؟

**زاهیر محەمەد:** خەڵکی ناوچەی شوان بوو، هەر بە مەلا فەتحوڵڵا شوانی بەناوبانگە، لەگەڵ ئەویش قسەم لەگەڵ کردووە، ئەوەش هەر بۆ ئێزگەی کوردی بوو. جارێکی دیکە چوومە کارگەی چنینی مافوور لە کۆیە، ئەو کاتی مەجید میرخان بەڕێوەبەری بوو، لەگەڵ ئەویش قسەم کرد، لەگەڵ هەندێک جێگەی دیکەش قسەم کردووە، کە بە تەواوی لەبیرم نەماون، ئەوانە هەمووی بۆ ئێزگەی کوردی بوون، چونکە لە هەشتاکان بەرنامەیەکم هەبوو.

**ڕامان:** ئەوەی ئێستا دێینە سەر باسکردنی، جێگەی بایەخی منیشە، چونکە لە ساڵی ١٩٧٦، واتە پێش (٥٠) ساڵ شیعرەکانی ئەختەرم چاپ کرد، ئەوەشم زۆر بەلاوە گرنگە کە لە دەمی تۆوە بیبیستم، تا خەڵکیش شارەزایی زیاتری لێ پەیدا بکات، تۆ لە چەند پیرەمێردان ئاوازی (شلە و خانان)ی ئەختەرت بیستووە و وەرتگرتووە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوەی من هەر ئەوەبوو کە لە چایخانەی حەمە گەمحان تۆمار کرابوو و بە کۆرس دەیانگوت، هەموو ڕۆژە نا ڕۆژێک کوردییەکانی لێدەدا.

**ڕامان:** ئەو کۆرسە کێ بوون و لە کوێوە هاتبوون؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوانەی کۆرس بوون مەلا ئەسعەد و قادر، قالە کەچەدیان پێ دەگوت.

**ڕامان:** قادر پەڕەکەریان لەگەڵ نەبوو؟

**زاهیر محەمەد:** نا، ئەوە زوو مرد، قادر کەچەد باوکی حەمید قادر، ئەوەیان قالە کەچەدیان پێ دەگوت، ئەوانە بە کۆرس دەیانگوت، سێوەیان لەگەڵە، وابزانم (حەمەدمین عەباس)یشیان لەگەڵە، بە کۆرس (شلە و خانان)یان دەگوت، من ئەوەم لەوێ وەرگرت.

**ڕامان:** گۆرانییەکەی (شلەوخانان)ی ئەو کۆرسە ماوە؟

**زاهیر محەمەد:** ئەوە لەلای ئەمیر کەبابچی هەمووی بە تۆمارکراوی هەیە.

**ڕامان:** تۆ چیت لەسەر ئەوە بیستووە کە کۆییەکان دەڵێن بەیتی (شلە و خانان) لە

کۆیـە هەیـە، هەنـدێ دەڵێـن شـیعرەکە هیـی ئەختـەر نییـە، تـۆ بـۆ ئەمـە چـی دەڵێـی؟

**زاهیـر محەمـەد:** نـا، ئـەو گۆرانییـە هـەر ئەوەیـە، لـەوە زیاتـر نییە.

**ڕامان:** تۆ چۆنت زانی ئەوە شیعری ئەختەرە؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئـەوە بەناوبانگـە کـە شـیعری ئەختـەرە و دەمـاودەم بەنـاوی ئەختـەر هاتـووە.

**ڕامـان:** ئـەو شـیعرە سـینگ بـە سـینگ هاتـووە کـە هیـی ئەختـەر بـووە؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، بـەڵام نەیاندەزانـی ئاوازەکـە هیـی کێیـە، مـن بـە دوکیۆمێنـت و بـە بەشـێوەیەکی زانسـتی سـەلماندم کـە ئاوازەکـەش هیـی ئـەوە، ئـەوە نییـە بـڵاوم کردووەتـەوە و بـە نۆتـەش نووسـیومەتەوە، بۆیـە بـە قەناعەتـی تـەواوەوە دەڵێـم ئاوازەکـە و شـیعرەکەی هیـی ئەختـــەرە.

**ڕامان:** تـۆ گەیشـتوویە قەناعـەت کـە ئاوازەکەش هیی ئـەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** گەیشـتوومەتە قەناعەتـی تـەواو، مـن لـە حەفتـاکانناميلكەيەكـم بـە نـاوی ڕەنگاوڕەنـگ چـاپ کـرد، لـەوێ ئـەو شیعرەشـم تێـدا بـڵاو کردووەتـەوە، لەگـەڵ سـرووودی ئـەی ڕەقیـب، ئـەو کاتـی نەماندەزانـی ئـاوازەکان هیـی کێـن، تەنانـەت بـۆ سـرووودی ئـەی ڕەقیـب، نووسـیومە سـروودێکی کۆنـە و نازانیـن ئاوازەکـەی هیـی کێیـە، دوایـی پـاش سـی سـاڵ لـە دەمـی شـایەتحاڵێک کـە لەگەڵـی بـووە، بـۆم دەرکـەوت کـە ئاوازەکـەی هیـی (شـێخ حسـێن بەرزنجـی) یـە، دوایـی ئـەوەم بـڵاو کـردەوە، ئـەو کاتـی لـە چاپکردنـی ناميلكەکـە نەمزانیبـوو، چونکـە هێشـتا لەلامـان ڕوون نەبـوو، بۆیـە منیـش نووسـیبووم ئاوازێکـی کۆنـە.

**ڕامـان:** بـۆ ناميلكـە چاپکراوەکـەی خـۆم سـوودم لـێ وەرگـرت، لـەوێ ئامـاژەم پـێ کـردووە، ئەختـەر کـە تەمەنێکی لەگـەڵ مۆسـیقا و گۆرانـی بەسـەر بردبـێ، هەمـوو گۆرانیبێـژ و مەقامـزان و ژەنیـارەکان و خەڵکـی لەم لا و ئەو لاشـەوە هاتبنە دیوەخانەکـەی، تەنانـەت مانگانـەی بـۆ ئەندامانـی کۆرسـەکەی بڕیبێتـەوە کـە لـە کتێبەکەمـدا باسـم کـردووە، تـۆ هـەر ئـەو ئـاوازە شـک دەبـەی هیـی ئەختـەر بووبـێ، چـی دیکـەت نەدۆزییـەوە؟

**زاهیـر محەمـەد:** هیـی دیکەشـی هەبـوو، لـەو بەینـەی پێشـوو گۆرانییەکـی دیکەشـی لـە کۆیـە دەگوتـرا.

**ڕامان:** ناوی ئەو ئاوازە چییە؟

**زاهیـر محەمـەد:** ئەویـش هـەر دەڵێـن هیـی ئەوە، بێجگـە لـەوە چەنـد گۆرانییەکـی دیکەشـی هەیـە، ئـەو گۆرانـی و ئاوازانـە دەمـاودەم بۆمـان هاتـوون، چونکـە لـە زەمانـی ئەختـەر تۆمارکـەر و ئـەو شـتانە نەبـووە تـا تۆمـار بکرێـن، بۆیـە هەمـووی دەمـاودەم پێمـان گەیشـتوون، زۆر ئاوازیـش هەبـوون کـە ئێسـتاکە ون بـوون، ئەگـەر کاتـی خـۆی ڕێکـۆردەر هەبـا و تۆمـار کرابـان، ئـەوە زۆر سـوودمان لـێ وەردەگرتـن، بـەڵام ئەوەنـدەی مـاون بـە دەمـاودەم هاتـوون تـا گەیشـتوونەتە ئێمـە، هـەر باشـە ئەوانـەش مـاون.

**ڕامـان:** تـۆ نـاوی ئـەو گۆرانییانـەم پـێ بڵـێ کـە سـاغ بوونەتـەوە هیـی ئەختـەرن.

**زاهیـر محەمـەد:** ئەوەنـدەی لەبیـرم مابـێ هـەر ئـەو (شـلە و خانان)ـە بـووە کـە دەسـتکاریم کـردووە.

**ڕامـان:** دەتوانـی دوایـی بـە هێمنـی بیرێکـی لـێ بکەیتـەوە و ناوەکانـم پـێ بڵێـی؟

**زاهیـر محەمـەد:** بەڵـێ، دەتوانم لەگـەڵ هاوڕێیان بیـری لـێ دەکەمـەوە، هەندێـک ئـاوازم هەنـە و بـە نۆتـە نووسـیومنەتەوە.